# مافی چارەنووس دانان

## لەبەر رۆشنایی یاسای نێو وولاتانی هاوچەرخ

### لێکۆلینەوەیەکی سیاسی ـ یاسایییە

نووسینی: جەمال

نەورۆزی ١٩٨٢ ز

لە بلاوکراوەکانی مەلبەندی ( ٣ ) ی ( ی.ن.ك )

## دیاری

ئەم هەوڵە کەمەیە دەکەمە دیاری بۆ :

هەموو ئەوانەی لە پێگەیاندن و پەروەردە کردنمدا
زەحمەتیان کێشا ، لە پێشەوەی هەموویشیان باوکــــی
مەزن و عەزیزم و مامۆستاکانم .

— جەمال —

# کورتە پێشەکی یەک

دیارە جووڵانەوەی فەرهەنگی کورد هەواری شان بە شانی هەموو خۆزگە و داخوازیە نەتەوایەتی و چینایەتیەکانی گەلەکەمان کارتێکردنی چەوساندنەوە و ڕێگا لێگرتن و چەواشەکردنی بە باڵادا براوە و ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی لێرە و لەوێش دراون بەشێ ئەوەی جووڵانەوەی فەرهەنگی بە زوبانی شیرینی خۆمان ڕێچکەی ئاسایی خۆی بگرێت، زۆرتر لە ژێر باڵ و بەردەستی دەستە و حیزب و کۆمەڵە سیاسیەکانی کوردستانەوە بوبێ و تاڵ و تەراش سەربازی نەناسراویش لەم بوارەدا ئەسپی ڕەسەنێتی مەبەستیان تاو داوە و هەریەکەیان ویستویانە بە گوێرەی توانای خۆیان کەلەبەرێك پڕ بکەنەوە؛ بەڵام ئەوەی جێگای داخ بێت و ڕوو بە ڕووی هەموو نوسەر و ڕوناکبیرەکانی بەرەی گەل ببێتەوە، ئەویش بە هەر بیانوویەك بێت زۆرتر خۆیان بەلابەنی ئەدەب و نوسینی کاری ڕۆژانە خەریك کردووە و هامێژی فەرهەنگی کورد هەواری تا بڵێی هەژارە و بێگسرە زۆربەی ئەو خەڵکە خوێنەوارەی تازە ڕوو دەکەنە سامانی فەرهەنگی پێشکەوتنخوازیەوە بە دەگمەن سەرچاوەیەکی ئەوتۆیان بە زوبانی کوردی دەست دەکەوێت و دەبێ زۆرتر لە پێشەوە خۆیان بە فێربوونی زمانی گەلانی دەور و بەرمان خەریك بکەن.. ئەمڕۆش ئەوەی ڕۆیشتووە و بەسەرچووە ناگەڕێتەوە و ئیتر وا پێویست دەکات قەڵەم بەدەستەکان نووسەرە شۆڕشگێڕەکان بە خۆیاندا بچنەوە و بکەونە نووسین و وەرگێڕانی بابەتی گرنگ و پێویستی فەرهەنگی جیهانی و فەرهەنگی کورد هەواری پێ دەوڵەمەند بکەن..

لێرەدا وەك كاك (جەمال) خۆی گوتەنی ئەم هەوڵە گچکە مشتێکە لە خەرواریشو وەك ئەوەی من پێی بزانم یەکەم جارە لە مێژووی فەرهەنگی نووسراوی کوردیدا ئەم جۆرە بابەتە بە لێکۆڵینەوەیەکی بەرپیوەری زانستییانە بخرێتە بەر دەست، چونکە لە لای هەموومان ئاشکرایە لەوەتەی گەلەکەی ڕوشەی خەباتی کەوتۆتە سەر زەمسان و قوربانی بێپایانی لەرێدا داوە، ئەوەندەی بە لای مەسەلەی حوکمی زاتیدا چووە،

لای لە ( مانی چارەنووس دانان ) نەکرد ۆتەوە و لایەنە سیاسیەکانیش تـــاك و تەرایان لێ دەرچێت دەرگای ئەم مەسەلە گرنگەیان لە بەرچاوی میللەتەکەمــــان داخستووە ، وەك ئەوەی تەنیا حوکمی زاتی بە بالای ئیمەدا برابێ .. بۆیە ئــەم هەول و ماندوو بوونەی کاکە جەمال گەلێنێکی گەورە پڕ دەکاتەوە ، چونکە نوســەر هاتوە بەپێی چەندان سەرچاوەی باوەڕ پێکراو زۆر بە راشکاوی بە مێژووی ســەر هەلدانی ئەم مەسەلە گرنگەدا چوەتەوە و بە زوبانێکی پاراو و سادە تەتەڵەی کردوە . ئومێد واریین ئەمە سەرقافلەی چەندان نووسین و لێکۆلینەوەی تر بێت .. پڕ بە دڵ بە پێویستی دەزانم لەلایەن خۆمەوە پیرۆزبایی سەرکەوتنی بکەم .

" حاجی مەمز "

# پەرەهەستاندنی مافی چارەنووس دانان

هیچ بیرۆکەیەک لە بواری لێتۆژینەوە مێژووییەکاندا ـ بە تایبەتی رامیاری و یاسایی ـ لە خۆیەوە سەرهەڵنادات و نابێتە ناو کۆڕی پراکتیک و لێدوان و لەسەر نووسین.

پێویستی زانست لە لێکۆڵینەوە و شێوازی راست و دروست بۆ باسکردنی بابەتەکەمان گەرانەوەیە بۆ مێژووی ئەوەش و نما کردنی ئەم مافە تا بشێت باسی ئێستەی بکەین و پێشبینی لە داهاتووی بکەین، لەبەر رۆشنایی ئەوەی لە ئێستەو رابردوودا دەستمان کەوتووە.

مەنتیق وا دەخوازێ هەرچەند بە شێوەیەکی کورتیش بێت دەربارەی مێژووی پێشکەوتنی (( پرینسیپی چارەنووسدانان )) مەبەست روون بکەینەوە.

## مافی چارەنووس دانان لە ژێر سایەی یاسای کلاسی نێو وڵاتان

بیری مافی چارەنووسدانان بەم شێوەیەی ئێستای تازە هاتۆتە سەربانی یاسایی و کۆڕی سیاسی، لە رۆژگاری نوێدا بەرگی راستی خۆی دەبەرکرا و پەرەی سەند و پێشکەوت، رەنگە ئەم بیرەیە وەک هەموو بیرێکی تری یاسایی و کۆمەڵایەتی تر لەمێژ کۆنەوە لە ئارادا بوبێ، بەڵام نەک بەم شکڵە و بەم تۆێژە تازەیەی، دەتوانین پێی لەوە بڵێین کە مافی چارەنووسدانان بە جۆرێکی ( مایەکی ـ مادەی) لەم دوایەدا سەری هەڵدا. لەم رووەوە گەلێ رای جۆراوجۆر هەیە، هەندێک دەڵێن ئەم مافە لە سەردەمی ( گریکەکان ) ەوە هەبووە، لە ( شارە دەوڵەتۆکان ) دا بینراوە، دەنگی تر هەیە دەڵێ ئەم بیرەیە لە بنەچەدا دەگەرێتەوە بۆ بەڵگەنامەی (( پەیمانی گەورە ـ مگنە کارتا )) کە سالی ( ١٢١٥ز ) لە ئینگلستان بڵاوکرایەوە.

بەڵام دیارە ئەم رایانە و زایانی تری لەم تەرحە خۆیان لەبەردەم راستیدا پێی ناگیرێ، یەکەم لەبەر نەبوونی سەنەدی یاسایی، دووەمیش لەبەر نەبونی بەڵگەیەکی مێژوویی ئەوها کە پشت ئەستوور بێ ی.

لە لایەکی دیکەوە هەندێک نووسەر دەڵێن: شەرەکانی رزگاری نیشتمانی گەلانی ئامریکا ( ١٧٧٣ ـ ١٧٧٦ ) دژی ئیمپریالیستی بەریتانیا، هەروەها ئەو شەرە ناوخۆییانەی نێوان قەلەمرەوی ئامریکایی خۆیان لە ئاکامی ئەوە بوو کە گەلانی ئامریکایی کەوتنە داواکردنی مافی چارەنووس دانانی خۆیان، دیارە کە وەدەست خستنی سەربەخۆیی و رزگار بوون لە کلکایەتی ئیمپریالیست هۆی کارێگەر و پاڵنەری

ئەم نەبەردە دادپلانە بوون ، ئەوەتە ( تۆماس جیفەرسن ) دەڵێ :

(( ئێمە ناتوانین ئەو مافە بۆ شێل بکەین کە گەلەکەمان بە هۆیەوە هەڵسابە سەریێ ، ئەو مافەیەش مافی هەموو گەلانە بۆ حوکم کردنی خۆیان بەو شێوەیەی کە خۆیان مەبەستیانە ، هەرکاتێکیش ویستیان دەتوانن ئەو شێوە حوکمە بگۆڕن )) .

تەقینەوەی جەنگی ئازادیخوازی نیشتمانی ئەمریکا توانی کۆمەڵێك بیروباوەڕی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕانە لەگەڵ خۆیدا بهێنێ ، گەلانی ئەمریکایی لە خەباتی خۆیاندا دەستیان هەڵنەگرت و سوور بوون لەسەر مافی ڕەوای خۆیان و دەرکردنی دەسەڵاتی بێگانە لە وولاتەکەیان .

کە شۆڕشی فەرەنسی هات ، ئەویش کۆمەڵێك مەبدەئی پیرۆز و نوێخوازی لە هەناودا بوو ، بەتایبەتی مەبدەئی چارەنووس دانان ، ئەم شۆڕشە بنەما و پەیمانەکانی پەیوەندیداری بە مافی چارەنووس دانان زیاتر ڕوون کردەوە و بایەخی پێدان (( بانگەوازی مافەکانی مرۆڤ و وولاتیان ــ ١٧٨٩ )) زەق ترین نموونەی گرینگی پێدانی شۆڕشی فەرەنسییە سەبارەت بە مافی چارەنووس دانان :

مادەی دووەمی بانگەوازەکە دەڵێت (( هەموو گەلان خاوەنی حاکمیەتی خۆیانن و سەربەخۆن لە پەیوەندیاندا دەگەڵ گەلانی تر بێ ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری هەرێمیان )) .

مادەی سێیەمیش دەڵێت (( هەموو گەلێك خاوەنی مافی حاکمیەتی خۆیەتی لە بەدەستنانی خۆیدا )) .

لەوانەیە بۆمان دەربکەوێ کە بیری مافی چارەنووس دانانی گەلان دەگەڵ کۆمەڵێك بیروباوەڕی پێشکەوتووخوازیتر هاوری لەگەڵ تەقینەوەی شۆڕشی پیشەسازی و هەڵچوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی لە هەردوو سەدەی حەڤدەم و هەژدەم دا سەری هەڵدا ، ئێمەش لەو باوەڕەدا نین کە پەیدابوونی بزووتنەوە نەتەوەییە ئازادیخوازەکان هۆی مەنتیقی و سەرەکی بوون ، توانیان خۆیان فەرز بکەنە سەر شۆڕشی فەرەنسە کە مافی چارەنووس دانان پەسند بکات و وەری بگرێت ، مامۆستای هێژام دکتۆر حکمت شبر دەڵێ کە ئەم مافە لە سەردەمی بزووتنەوە نەتەوەییە ئازادیخوازەکان لە شێوەی بیروباوەڕی حاکمیەتی میللی و حاکمیەتی نەتەوەییدا خۆی نوواند . ئەوەی جێگەی سەرنج دانە ، سەرەڕای ئەو هەموو دەق و تێکستە یاسا زێڕینیانە ئەم مەبدەئە لە لایەنی پراکتیکەوە هەروەك خۆی مایەوە و دانی پێدا نەنراو شوێنێکی وەهای لە مەبدەئە سەرەکییەکانی یاسای نێو وولاتان داگیر نەکرد ، بەڵکە ببوە ئامرازێك سەرکردە بۆرژوا و وولاتە ئیمپریالیستەکان یاریان پێ دەکرد و بۆ

مەبەستی گەلێ خۆیان دەیان عەملاند ، هیچ سەیریش نیە وولاتە ئیمپریالیستەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان فەرمێکی دەرۆ بۆ مافی چارەنووس دانانی گەلان ببارێنن و ئومێدی سەربەخۆیی خەیالیان پێدەدەن ، ئایا راست بوو (ویلسن) داکۆکی لە مافی چارەنووسی گەلان دەکرد ؟ ئایا کامە لە قسە و قسەلۆکەکانی (ویلسن) لە نووسینی سەرکاتەو تێبەری کرد ؟ مەبەستی ویلسن و ویلسن ئاساکان چی بوو لەم هەموو جەعە جەعە ؟؟ .

گوێ بدەنە ویلسن لە بەرامبەر کۆنگرێسی چۆن مرۆڤ دەوەستێنێ !!! . لە ١١/٢/١٩١٨ (ویلسن) ی رزگارکەری گەلان دەفەرمووێ :-

(( مافی چارەنووس دانان ووشەیەکی گلۆر نیە ، بەڵکە مەبدەئێکە نابێ فەرامۆش بکرێ ، سیاسەتمەدارانی جیهان گەر لە مەودوا خۆیانی لێ گێل بکەن ، مەترسی دەمێنێتەوە )) .

کەواتە مافی چارەنووس دانان لەژێر سایەی کلاسیی نێو وولاتاندا پێشکەوتنێکی وای بەخۆیەوە نەدیت ، بەڵکە وەک مەبدەئێکی تیۆریی دوور لە پراکتیک مایەوە ، سەبارەت بە دەست رۆیشتنی ئیمپریالیزم و بۆرژوا و سەرمایەداری ، کە بێگومان مەبدەئێکی مرۆیانەی وەک ئەم مافە لەلای ئەوان نەک پاشاغە بەڵکە رێکەخۆشکەری لە بەین چوونیشیانە .

## مافی چارەنووس دانان لەژێر سایەی کۆمەڵەی میللەتان

لە دایک بوونی کۆمەڵەی میللەتان (عصبة الامم) لە بنچەوە لە دایک بوونێکی ئیمپریالیستانە بوو ، وولاتە خۆ بە زل زان و چاو چنۆکەکان دەوریان لە پێکهاتنی و دروست بوونی دیت ، زانی کوشندەش بۆ گەلانی چەوساوە بوو ، کۆمەڵە کەوتبووە ژێر رکێفی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان کە دەرترین دوژمنی گەلانی زەحمەتکێش و مافی چارەنووس دانانی ئەوان بوون ، کۆمەڵە لە هەموو ژیانیدا نەیتوانی دەسکەوتی وا وەبەربهێنێ ببێتە جێگەی هیوا و ئامانجی گەلانی ستەمدیدە ، لە سەردەمی کۆمەڵە و لە بەرچاوی مافی مرۆڤ پێشێل دەکرا و دەستدرێژی دەکرایە سەر گەلان ، بێ ئەوەی کۆمەڵەی لەر و لاواز بتوانێت هەڵوێستێکی پتەوی بەرامبەریان هەبێت ، بەوەش نەیتوانی لە کار و بار و ئەرکی خۆیدا سەرکەوتوو بێت و ئۆباڵی سەرنەکەوتنیشی لە ئەستۆی وولاتە ئیمپریالیستەکاندایە کە بە هەموو توانا و هەوڵێکیان تێدەکۆشان کۆمەڵە لە فرمانەکانیدا سەرنەکەوێت .

کۆمەڵەی میللەتان دژی مافی چارەنووس داناتی گەلانی چەوساوە وەستاو لـــە هیچ کاتێکیشدا سووکە دیفاعێکی بۆ نەکردن ، بۆ نموونە کۆمەڵە دژی سەربەخۆیـــی عێراق و میسر و کۆریا و فیلیپپین وەستا .

بەڵام بۆچی کۆمەڵە ڕێکخراوێکی وا سست و تەمەڵ بوو ؟

مامۆستای زانام دکتور شبر لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەنووسێت :

(( کۆمەڵە سیوازی یاسایی و مادی پێویستی نەبوو ، کە بتوانێت بڕیارەکانـــی خۆی رابپەڕێنێت ، دەسەڵاتی دەزگاکانی کۆمەڵە هەر تەنها دەیانتوانی (( سپاردن - توصیە )) دەربکەن نەک بڕیاری پێویست بەجێبەجێ کردن )) .

( سپاردن ) یش وەک ئامۆژگاریە کەسانی یاسای گشتی نێو وڵاتان دەتوانـــن گوێی نەدەن ، جۆ نەکەر کۆمەڵە بانگی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی کرد بێت بــــۆ وازهێنان لە سیاسەتی دژی مرۆڤایەتیان و مافی چارەنووس داناتی دابێتە گەلانی ژێر ڕکێفی خۆیان ئەم بانگە لە جۆری ئامۆژگاری و تکا کاری دەرناچێ نابێتـــە بڕیارێی وا کە هەموو دەوڵەتان ناچار بکات بۆ جێبەجێ کردنی هەنگاو هەڵگرتـــن بۆیە لە ناکاندا بووە هۆی ئەوەی هێزی ڕەشبگیری و زۆرداری زاڵ ببێ بەســـەر هەموو ئەو گەلانەی داوای مافی چارەنووس داناتی خۆیان دەکرد .

## مافی چارەنووس داناتی لە ژێر سایەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

ئاگری جەنگی ئیمپریالیستی دووەم بەشکانی نازیزم کوژایەوە ، دەوڵـــەتـــە سەرکەوتووەکان هەوڵی بێ وچانیان دا بۆ هێنانەدی تەبایی نێو وڵاتان و ئاشتی و هاوڕێی بەدیهێنان ، بۆیە هەر دوای کۆتایی هاتنی شەڕ ئەم وڵاتانە کەوتنـــە کۆبوونەوە و کۆڕدان و دیدەنی کردن و کۆنگرە بەستن ، ئەوە بوو هەموویان بڕیـــاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێو وڵاتانیان دا . ئەم ڕێکخراوەش وەها لە دایک ببێ کە بتوانێت (( نەوەکانی داهاتوو لە کارەساتی جەنگ ڕزگار بکا ، ئەو جەنگەی لەمیانـــی نەوەیەکدا دووجار دەرد ومەینەتێکی وای بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنا کە هەر باســـی ناکرێ )) ، لە پێناوی هێنانەدی ئەم مەبەستە خانەوادەی نێو وڵاتان ڕێک کەوتن کە ئیدی دەبێ بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە پێکەوە بژین و هاوسێیەتی و ئارامـــی و هێمنی نێو وڵاتان ڕەچاو بکەن و جارێکی تر نەیەڵن شەڕی خۆ بە فیرۆدان دووبارە بێتەوە ، بۆیە هەموویان ( بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ) یان مۆرکرد و بەپێی

ئەو بەڵێننامەیە دەزگایەکی نێودەوڵەتی دامەزرا بە ناوی (( نەتەوە یەکگرتووەکان )) لە ٢٦/ی حوزەیرانی ١٩٤٥ (٥٠) پەنجا دەوڵەت بەڵێننامەکەیان مۆرکرد و لە ٢٤/ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥ کەوتە دەوری جێبەجێ کردن .

بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکان لە برگەی دووەمی مادەی یەکەمیدا دەڵێ :

(( نەتەوە یەکگرتووەکان کۆشش دەکەن لە پێناوی گەشەسەندنی پێوەندی تەبایی لە نێو میللەتان ، لەسەر بناغەی رێزگرتنی مەبدەئی چوون یەکیی مافی هەموو گەلان و مافی چارەنووس دانانیان و بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو تەگبیرانەی بۆ سەقام گیرکردنی ئاشتی گشتی لەبارن )) .

کەواتە بەڵێننامەی میللەتان مەبدەئی مافی چارەنووس دانان بە یەکێک لەو مەبدەئە گرینگانە دادەنێ کە پێویستە رێزی بگیرێت و هەموو گەلانی جیهان کۆشش بکەن بۆ بەدیهێنانی و کارکردن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بە مەبەستی پەرە ئەستاندنی پێوەستی تەبایی و هاوژینی لە نێو گەلانی جۆراوجۆری دنیا و لەنێوبردنی جیاوازی رەگەزپەرستی و چەوسانەوەی نەتەوەیی .

مامۆستای زانام دکتۆر شبر لەم رووەوە دەنووسێت :

(( تۆمارکردن و سەقامگیرکردنی مەبدەئی مافی چارەنووس دانان ، هاوڕێ دەگەڵ مەبدەئە گشتییەکانی تری وەک مەبدەئی حاکمیەت ( السیادة ) و مەبدەئی یاساغکردنی دەست درێژی و خۆتێ هەڵقورتاندن ، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ خەباتی عادیلانەی گەلان دژی ئیمپریالیزم و لە پێناوی دابین کردنی سەربەخۆییان .

دکتور ( مصباح المحامي ) یش نووسیویەتی :

(( سەقامگیرکردنی مەبدەئی چارەنووس دانان لە بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکان خاسیەتی گشتگیری و ئیلزامیی ئەم مەبدەئەی سەپاند و کردی بە دستوورێکی یاسایی وەها لە یاسای نێو وڵاتان کە لە لایەن هەموو ئەندامانی خانەوادەی نێو وڵاتان دانی پێدا نرا )) .

دیارە کە (( بەڵێننامەی میللەتانی یەکگرتوو نەک هەر گرنگترین بەڵگەنامەی یاسای هاوچەرخی نێو وڵاتانە ، بەڵکە بەڵگەنامەیەکی بنەرەتییە تیایدا ، بۆیە هەبوونی مەبدەئی مافی چارەنووس دانان لەم بەڵێننامەیە واتە گۆڕینی ئەم مەبدەئە بۆ مەبدەئێکی بنچینەیی و گشتی لە مەبدەئەکانی یاسای نێو وڵاتان )) .

سەرەڕای ئەم هەموو ڕەخنانەی لەم مەبدەئە دەگیرێ لە یاسای بەڵێننامەی میللەتان و ڕێکخراوەکەی ، ڕێکخراو ( سازمان ) ی میللەتە یەکگرتووەکان توانی ببێتە مینبەرێکی بە بایەخ و گرینگ بۆ دەنگی زوڵاڵی هەموو گەلانی چەوساوە لە پێناوی

ڕزگاری نیشتمانی و ئازادی ، دیسان ئەم ڕێکخراوە توانی – یا بە شێوەیەکی تیوری – بێت – ئەرکەکانی سەرشانی خۆی ڕابپەڕێنێ ، بێگومان ئەندامانی ڕێکخراوی میللەتان و ئەمووسی هێزێکی نێو وڵاتانی تایبەت بەخۆی بۆ فەرزکردنی ویستی خۆی و داکۆکی لە مەبەستەکانی بەڵێننامە بووە هۆی ئەوە کە (( یاسای هێز شوێنی هەموو یاسایەکی مرۆڤایەتی بگرێتەوە و شەریعەتی کوشتار و کۆیلەکردن و تاڵان و بڕینی دەستاوەری ئیمپریالیستەکان لە مامەڵەکردنیاندا دەگەڵ گەلانی چەوساوە و ژێردەستدا ، خۆ ئەگەر هیچ نەبێ ( ڕێکخراوی میللەتە یەکگرتووەکان نیشانەی کۆمەڵەی دەوڵەتان و دیپلۆماسیەتی ئاشکرایە ) .

دانانی میللەتە یەکگرتووەکان بە مافی چارەنووسی گەلان ، سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ گەلانی چەوساوە ، ئەوەتە بە جووڵەخستنی ڕای گشتیی جیهانی و ڕاکێشانی سەرنجی هێزە خێرخوازان و تێکشکاندنی پیلانی ئیمپریالیستە ستەمپیشەکان و خستنەڕووی مەسەلەی گەلانی چەوساوە لە بەردەم ئیهادی جیهانی و ترازووی هەق و دادگەری و یاسادا بوونە عامیلێکی گرینگی زێدبوونی ئەمەبەتی داخوازی گەلان بۆ مافی چارەنووسی خۆیان ، دیسان بوونە هۆی زیادبوونی شەرعیەتی خەباتی گەلانی ژێردەست لە تێکۆشانیاندا دژی داگیرکەران و دەستدرێژیی چەوسێنەران .

بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی چارەنووس دانان هەرچەندە نرخی یاسای خۆیشی وون کردبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێشکەوتنێکی مایەکی و مەعنەوی گرینگ دادەنرێ بەرەو بزووتنەوەی مێژوو .

مامۆستای دکتور السعید نووسیویەتی و دەڵێ :

(( سەرکەوتنی هێزە خێرخوازەکان بەسەر هێزی فاشیزمی ڕەش تەنیا هەر سەرکەوتنێکی مێژوویی و جەنگی نەبوو ، بەڵکە سەرکەوتنێک بوو بەسەر ئایدیۆلۆژیەتی ئیمپریالیستی و پیلان و پرۆژەکانی ، جا هیچ جێگەی واق وڕمان نیە بەڵێننامەی میللەتان لە ناوەڕۆکی خۆیدا ئامانج و بنەما دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی یاسای نێو وڵاتان لە ناوەش بگرێت ، چونکە ئەمە ئاکامێکی حەتمی و پێویستیەکی گرینگ بوو لە پێداویستیەکانی وەزعی سیاسەتی نێو وڵاتان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و بە دوورخستنەوەی تارمایی مەترسی شەڕ هەڵگیرسان لە دوا ڕۆژدا )) .

## مافی چارەنووس دانان بە شێوەیەکی گشتی

بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ڕشتە لەسەر دانپێدانانی مافی چارەنووسی گەلان ، کەچی تا ماوەیەک پێناسێکی وای بۆ نەدانەنا .

تا دوای دامەزراندنی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، کە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ پێک هات ئەم پێناسەیەی بۆ مافی چارەنووس دانان تۆمار کرد:

(( هەموو گەلان و میللەتان خۆیان چارەنووسی خۆیان دادەنێن، ئەم مەبدەئە رێگە بۆ گەلان و میللەتان دەدا کە بە ئازادی و سەربەستی بکەونە شوێن پەرەسەندنی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆیان، هەموو دەولەتانیش کار دەکەن بۆ پێشخستنی دان پێدانانی ئەم مافە لە هەرێمەکانیاندا و رێزی دابین کردنی دەگرن، بە جۆرێک لەگەڵ بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان تەبا و هاو ئاهەنگ بێت )) .

کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم تاریفەی بڵاو کردەوە، نوسەرە بۆرژواکان کەوتنە رەخنە لێ گرتنی و لە دژیدا وەستان، ئەم نوسەرە بۆرژوایانە دەیان گوت مەبدەئی مافی چارەنووس دانان هیچ پەیوەندییەکی بە یاسای گشتی نێو دەوڵەتانەوە نییە و ویستیان پێناسەیەکی وا بۆ مافی چارەنووس دانان بدۆزنەوە لەگەڵ بەرژەوەندی داگیرکەران و چەوسێنەرانی گەلانی ژێر دەست یەک بگرێتەوە .

ئەم پێناسەی سەرەوە گەلێ تەم و مژی تێدا بینرا و بوە سەرچاوەی ناتەبایی لە راڤەکردن و کۆششکاری لە لایەن نوسەرانی رامیاری و یاساوە، بۆیە کۆمەڵەی گشتی سەر لە نوێ تاریفێکی تری بۆ ئەم مافە داڕشتەوە تێیدا هاتووە:

(( هەموو گەلان مافی دانانی چارەنووسی خۆیان هەیە، بە هێزی ئەم مافە دەتوانن بە سەربەستی وەزعی سیاسی خۆیان دیار بکەن و ئابووری خۆیان گەشە پێ بدەن، بۆ بەرز کردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆیان هەوڵ بدەن)) .

ئەوەی لەم دوو ناساندنەدا تێبینی دەکرێت نەبوونی جیاوازییە لە نێوان گەلانی بچووک و گەورە، واتە هەموو گەلانی چەوساوە و پاشکۆی ئیمپریالیست مافی دانانی سەرنووشتی ئابووری و رامیاری و رۆشنبیری خۆیانیان هەیە .

کەواتە مافی چارەنووس دانان بریتییە لە (( مافی رەهای میللەت بۆ دەربڕینی ویست و ئارەزووی خۆی و دانانی چارەنووسی و دیاری کردنی دوا رۆژی سیاسی و ئابووری خۆی ))

ئینسکلۆپیدیای بەریتانیش دەڵێ مافی چارەنووس دانان:

(( مەبدەئێکە، ئیشارەت دەکات بۆ مافی هەر میللەتێک لە هەڵبژاردنی ئازادانەی میری و رژێمی رامیاری و ژیاری خۆی بەو شێوەیەی لەبارە بۆی بە پێی پێویستییەکانی خۆی )) .

یانی مافی چارەنووس دانان مافی هەموو گەلانی ژێر دەستە لە دیار کردنی

ئازادانەی ئەو بەشەوە خۆتکە ، سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی یەی خۆیان دەمیانەوێ .

## مافی چارەنووس دانان بەپێی چەمکی رۆژاوا

چەمکی ناو لە هەر کۆمەڵێکدا سەبارەت بە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی رەنگدانەوەی یەکەی ئابووری ئەو کۆمەڵەیە ، پرۆسەی بەرهەم هێنان بە پێوەندی و دەستاویزەکانیەوە کار دەکەنە سەر بیری یاسایی و فەلسەفی و سیاسی ئەو کۆمەڵەیە ، گەر بنچینە و ژێرخانی کۆمەڵ لەسەر پایەی چەوساندنەوە و دابڵۆسینی کۆمەڵایەتی وەستابێ چەمکی ناو لەو کۆمەڵەدا دەبێتە تەکدانەوەی ئەو ژێرخانەیە . کەواتە چەمکی رۆژاوا سەبارەت بە مافی چارەنووس دانان رەنگدانەوەی ژێرخانی کۆمەڵی سەرمایەداری رۆژاوایە .

کە شۆرشی پیشەسازی بە سەرکردایەتی بۆرژوا تاوی سەند ، رژێمی دەرەبەگایەتی (فیودالیسم) هەرەسی هێنا و بنچاکانی لەبەین چوون . بۆرژوا توانی بێتە سەر تەخت و هەرسێ کوچکەکەی (( ئازادی ـ برایەتی ـ جوتیەکی )) یان بەلاو کرد بوە ، وایان لە خەلک گەیاند کە بۆرژوا لە پێناوی ئەم سێ کوچکەیە تێدەکۆشێ ، بەلام رۆژی سەبرد ، رووی راستی بۆرژوا وەک مانگی چواردە ئاشکرا بوو ، ناوەروکی دروشمەکان وەدەرکەوت ، ئیدی کەوتنە ئەوەی ئەم سێ کوچکەیە بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان راڤە بکەن و بەکێرد و سیکاردبەر بوونە گیانی ئەم دروشمە ( بە روالەت راست و بە ناواخن درۆیە ) . لەگەل ئەمەشدا دەبێ بێن لەوە بنێین کە شۆرشی فەرەنسە بۆ جاری یەکەم دانی نا بە مافی دانانی چارەنووسی هەموو گەلانی جیهان و شۆرشی راگەیاند کە مافی چارەنووسی دانانی گەلان مافی سروشتی هەموو مروڤە . بەمەدا دیارە کە مەبەستی مافی چارەنووس دانانیشان بە تایی سەربەخۆانی (( وولاتە نەتەوەیی )) یەکان ئەویش لە سەدەی هەژدەهەمدا چـــــــــوەی کـــــــرد .

دروشمەکانی شۆرشی فەرەنسی بوونە بلقی سەر ئاو و هیچ یەکێکیان بە ئاکام نەگەیشتن و گەلانی جیهان بەردەوام لەژێر زەبروزەنگی خاوەن دەسەلاتانی بالادەست و وولاتانی ئیمپریالیست گەلانی ژێر دەستەیان کردە کۆیلە و نیشتمانیان کردە بازاڕێکی گەرمی کەل و پەلی ئابووری سەرمایەداری ، دەسەلاتی ئیمپریالیست بە جۆرێک بالی شومی خۆی کێشابوو و کاری کردبووە سەر یاسای گشتی ئەو وولاتان و ئەم یاسایە بۆ قازانجی ئابووری و سیاسی ئەوان دەسووڕا . ئەوەتـــــە دەستووری ئەمریکایی زۆر بێ شەرمانە دەنووسێت :

(( لە سالانی بەر لە ١٩١٤ یاسای نێو وولاتان ئامرازی دەستی ئەوروپا بوو بۆ زاڵ بوون بەسەر ئافریقا و ئاسیادا )) .

کە بۆن و بەرامی شەڕی یەکەمی ئیمپریالیستی بلاو بۆوە ، وولاتانی رۆژاوای سەرمایەدار کەوتنە لاواندنەوەی گەلانی ژێر دەست و بەڵێنی سەربەخۆیی و ئازادی نیشتمانیان پێدان و تەنانەت دیعای مافی چارەنووسی گەلانیان کرد ، بەلام دەستیان ئەم چەوسێنەرانە ئەم بەڵێن و مافانەیان پێشێل کرد ، تەنانەت سەرۆکی ئامریکی ولسن لە کۆنگرەی شەڕی یەکەمدا دەڵێت : (( ئێمە لە پێناوی ماف و سەربەستی گەلانی بچوك دەجەنگین و بنەمای حوکمی یاسا لە هەموو کون و قوژبنێکی جۆراوجۆری دنیادا دەچەسپێنین )) .

خۆ چواردە مەبدەئەکەی ولسن ( ١٩١٨ ) زۆر ئاشکرایە لە بەرچی بوە و لە چ وەختێکا بوە و ئەنجامەکەشی چلۆن بوە ؟

ولسن هەروای ئەم جۆرە دروشمە بریقەدارانە لە کۆنگرەی ئاشتی ( مؤتمر الصلح ) دا دژی ، مافی چارەنووس دانانی گەلان وەستا و ئەو زۆربەی بایەخی خۆی لەرجان کرد بوو بۆ کێشە و مەسەلەکانی ئەوروپا و زۆربەی گەلانی ئاسیای فەرامۆش کرد ، وەزیری دەرەوەی ئامریکا ( رۆبەرت لانسنگ ) کە ئەندامی وەفدی ئەمریکی بوو لە کۆنگرەی ئاشتی بە سەرکردایەتی ولسن گووتی :

(( ئەم مادەیە دینامێتی تێدایە )) وە هەروەها گووتی : (( بە داخەوە دەڵێم کە ئەم مەبدەئە دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی هەزاران . )) ( ولسن ) یش بە خۆی گوتی : (( پیادەکردنی مافی چارەنووس دانان واتە شیرازە تێکچوونی رژێمی ئێستای نێو وولاتان )) . کە دەوڵەتی پایە رزیوی عوسمانلی دۆڕاندی ، دەوڵەتە سەرکەوتووەکان هەر دوای بەشکردنی میراتەکەی لە هەموو ئەو پەیمان و بەڵێنانە پاشگەز بوونەوە کە دابوویانە گەلانی ژێر دەست ، ئەو گەلانەی بیوونە ماددەی ئەم شەڕە دڕندەیەی یەکەم و زۆربەی جەنگەکە و کوێرەوەری و شوم و مال وێرانی ئەوان برا ، کە شەڕی یەکەمی ئیمپریالیستی برایەوە زگ رەشی ئیمپریالیزم باشتر ئاشکرا بوو ، بۆ دابەشینی ناوچەکانی هێز پەیمانی سایکس - بیکۆیان مۆر کرد ، ئەم پەیمانە لەلایەن حکومەتی شۆڕشگێڕی سوفیەتەوە پەردەی لەسەر روو هەلمالرا بۆیە ( سوێند خۆرەکان بەرەو رژێمی کوێخایەتی ( الانتداب ) هەنگاویان هەلگرت کە ماددەی ( ٢٢ ) ی بەڵێننامەی کۆمەڵەی میللەتان باسی کرد ووە و رەنگدانەوەی برگەی پێنجەمی چواردە مەبدەئەکەی سەرۆك ولسن بوو کە مافی چارەنووس دانانی گیرۆ کرد بوو ، بەمەش کۆتی رژێمی کوێخایەتی کەوتە سەر مافی چارەنووس دانان و

بەکارخستنی ئەم مافەشی بە دەوڵەتە کۆنخاکانەوە بەستەوە، دەیسان ڕێگەی بە گەلان نەدا ڕێبازی شۆڕشگێڕی و چەکدارانە بگرنە بەر بۆ وەدەست خستنی مافی چارەنووس دانانی خۆیان).

دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان کارێکی وایان نەکرد هەر تەنها میللەتێك (بە سۆ دەرمانیش بێت) بگاتە ئەو ڕێکارەی مافی چارەنووس دانانی خۆی بدرێتە دەست، بەڵکە بە پێچەوانەوە، هەوڵیاندا بەپێی چەند پەیمان و بەڵێنێکی نهێنی سەرزەمینی هەموو گەلانی چەوساوە لە نێو خۆیاندا ببەشنەوە. نووسەرانی یاسای ڕۆژاوا لەو باوەڕەدان کە مافی چارەنووس دانان (ماف) نیە بەڵکە مەبدەئێکی ڕامیاری یە واتە مەبدەئێکی یاسایی نیە چونکە مەبدەئێکی پڕ تەم و مژە و دیارکردنی مەبەست لەو مافە سەختە، هەروەك ڕاهێنانیشی حاکمیەت دەشێوێنێ و ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی ساختومانی دەوڵەتان.

بۆ بەرچ دانەوەی ئەم ڕایە بێ سەر و بەرەی سەرەوە دەڵێین :

١ـ هەموو میللەتێك یا خودانی دەوڵەتیش نەبێت حاکمیەتی خۆی هەیە کە پێی دەڵێن حاکمیەتی نەتەوەیی ( السیادة القومیة ) ، بەڵام سەبارەت بە سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان ئەم حاکمیەتە نەچۆتە نێو قالبێکی ڕێکخستن لە ڕووی فۆرمەوە کە دەوڵەتە، کەواتە نابێ حاکمیەتی نەتەوەیی بە قوربانی حاکمیەتی دەوڵەت بکرێت کە حاکمیەتی دەوڵەت ئەمڕۆ بە شێوەیەك لێك دەدرێتەوە کە دژی ئیرادەی گەلانی چەوساوە بێت.

٢ـ مافی چارەنووس دانان مافە و مەبدەئێکی یاساییشە، یاسای گشتی نێو وڵاتانی هاوچەرخ مافی چارەنووس دانان بە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی خۆی دادەنێ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش چەند جار ئەم مافەی دووپات کردۆتەوە.

٣ـ زۆربەی مەبدەئە یاساییەکان تەم و مژیان تێدایە و پێویستیان بە لێکدانەوە و کۆشنکاری هەیە، ئەمەش نابێتە هۆی ئەوەی سیفەتی یاساییان پێوە نەبێتێ.

هەروەها ڕۆژئاواییەکان (ماددەی یەکەم بڕگەی دوو) و (ماددەی پەنجا و پێنجی) بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکان وەها شی دەکەنەوە کە گوایە بریتیە لە خۆتێ هەڵقورتاندنی کاروباری ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانەی بەڵێننامەیان مۆر کردووە، وە هەروەها دەڵێن ئەم مەبدەئە نابێ بە شێوەیەکی وەها پیادە بکرێت لە هەموو لایەکی جیهاندا.

لێرەدا وای بەباش دەزانین هەندێك لە هەڵوێستی وڵاتە ئیمپریالیستەکان

بزمێرێن ، ئەو هەڵوێستانەی کە دژی مافی چارەنووسدانانی گەلانی جیهانن :

١ــ نمایندەی وولاتە ئیمپریالیستەکان بەوە رازی نەبوون ، لە پرۆژەی بانگەوازی مافی مرۆڤ ئەو ماددەیە تۆمار بکرێت کە یەکێتی سۆڤیەت پێشنیاری کرد بوو سەبارەت بە مافی چارەنووس دانانی گەلان .

گوایە پیادەکردنی ئەم مەبدەئە مەترسی پەیدا دەکات و رژێمی کۆمەڵایەتی و ماف و بەرژەوەندی وولاتانی تر دەخاتە لێواری نەمانەوە .

٢ ــ کە هیند لە ساڵی ١٩٥٢دا بە هۆی نوێنەری خۆی پرۆژەیەکی پێشنیار کرد سەبارەت بەوەی کە هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە رێکخراوی میللەتە یەکگرتووەکان پێویستە دان بنێن بە مەبدەئی چارەنووس دانانی گەلان و میللەتان و رێزی سەربگرن . نوێنەری وولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە تەنیا دەنگی دژی ئەم بــــرگــــەیــــەدا .

٣ــ هەندێ لە نووسەرانی یاسا لە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان هەوڵیان دا لە ئارادا بوونی ئەم مەبدەئە لە یاسای هاوچەرخی نێو وولاتاندا بخەنە کێشەوە . ئەوان دەیانگوت : ماددەی ( ١ و ٥٥ ) ی بەڵێننامەدەربارەی مافی چارەنووس دانان مانای ئەوە نیە ئەم مەبدەئە بە رەهایی پیادە بکرێت ، دەیان دەیانگووت ئەم مەبدەئە لە چوارچێوەی بەڵێننامەدا چووەتە دەرەوە .

٤ــ نوسەری ئامریکایی ( ئیگلتون ) لەو باوەڕەدایە کە ئەم مافەی گەلان تەنیا مەبدەئێکە لە مەبدەئەکانی رەوشت ، ئیگلتون (( گفتوگۆیەکانی رێکخراوی میللەتان دەربارەی پیادەکردنی ئەم مەبدەئە بەسەر هەموو گەلان و میللەتان بە گفتوگۆی بێ مانا لە قەڵەم دەدا .

٥ــ نوسەری فەرەنسیی ( سبیر ) دەڵێ : ئەم مەبدەئە ( تیۆری و دروۆ ) یـــە و سووره لەسەر ئەوەی کە ئەم مافە ( تۆوی زۆرانبازی و رووخاندن ) ی دەوڵــــەت و میللەتــــانی تیــــایە .

٦ــ ( کۆبان ) ی ئینگلیز مەزەبیش لەو باوەڕەدایە کە میللەتان ناتوانن کــاروباری خۆیان هەڵسوڕێنن .

هەڵوێستی دوژمنکارانە و نامرۆڤانەی وولاتانی خۆراوای ئیمپریالیست ، لــــە سەرووی هەموویانەوە ئیمپریالیستی تاوانکاری ئامریکا دژی گەلانی ستەم دیــــدە زەقترین بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم جینایەتکارانە واز لە سیاسەتی ئیمپریالیستی خۆیان ناهێنن و دەست لە کۆیلەکردن و دەست بەسەرا گرتنی گەلانی زەحمەتکێشــــش هەڵناگرن و هەرگیز سەرفرازی و ئازادی و سەربەخۆیی یان بۆ گەلانی جیهــــان

ناوێ، بۆیە وا لە سەرانسەری جیهان هەموو گەلانی چەوساوە و زۆرلێکرا و لە خەباتی بەردەوام دان بۆ پاکتاوکردنی دەسەڵاتی بێگانە و ئیمپریالیزمی جیهانی و دامەزراندنی حکومەتی نیشتمانی سەربەخۆ، لە هیچ سەردەمێکیشدا گەلانی ستەم لێکراو بە هەوای سەرمایەدار و ئیمپریالیزم نەبزوتە، بە سووک و سانایی مافی چارەنووسی خۆیانیان پێشکەش بکات، بەڵکە لە هەموو سووچێکی ئەم جیهانە، گەلان بە هێزی ئیرادە و خەباتی چەکدارانیان و شکۆی ئیمپریالیزمی رۆژاوایان شکاندووە و مافی خۆیان لە قورگی کاربەدەستانی (هەناگۆڕ) یەکان دەرهێناوە.

## مافی چارەنووس دانان بە پێی چەمکی مارکسیزم ـ لینینیزم

لە سەدەی نۆزدەمەوە چینی کرێکار کەوتە گەشەکردنێکی وا بتوانێت ئازایانە بچێتە گۆرەپانی خەبات و وەک چینێکی لێهاتووی شۆڕشگێڕ لەلایەن سەرمایەدار و خوێنمژانی دنیا حسابێکی بۆ بکرێت، کە بەیاننامە ـ مانیفێستی کۆمۆنیست لەلایەن مارکس و ئەنگلزەوە بڵاوکرایەوە، رایان گەیاند ((هەر نەتەوەیەک نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە خۆشی ناتوانێت ئازاد بێت)) و هەر کاتێکیش مل ملانێی چینایەتی نەما ناکۆکی و ناتەبایی نێوان گەلانیش نامێنێ، بەم بۆچوونە پیرۆزانە هەردوو تیۆردانەری بیری کۆمۆنیست، چەمکی ئازادی و مافی مرۆڤیان دیاری کرد و خەباتی بێوچانیان درێژە پێدا لە پێناوی ئازادی چینە چەوساوە و زۆرلێکراوانی گەلانی ژێر رکێفی ئیمپریالیزمی جیهانی و بۆ یەکەمجار لە مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتیدا نۆزدەی مافی چارەنووسدانانیان دا بە هەموو گەلانی سەر رووی زەوی و چارەسەرکردنێکی زانستیان بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی دۆزیەوە، هەردوو دامەزرێنەری مارکسیزم لەوباوەڕەدا بوون کە دەبێ ئاگامان لە جیاوازی (نێوان چەمکی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی بۆ رزگاری بوون لە کۆتی دەرەبەگایەتی) و (نێوان چەمکی ئیمپەریالیستی کە دەیەوێ گەلان بچەوسێنێتەوە و کۆیلەیان بکات) هەبێت.

ئەوەتە هەردوو رابەری بیری پێشکەوتنخواز مارکس و ئەنگلز سامانێکی وا پڕ بەهایان بۆ رزگاری گەلان و مافی چارەنووسدانانیان بەجێ هێشتووە کە هەرگیز لەبیر نابێ و توانیان بە بیری سەرشاری خۆیان رێگای خەبات بۆ گەلان و چینە چەوساوە و رەنجدەرەکانی هەموو جیهان خۆش بکەن. مارکسیست شۆڕشێک بوو لە تەک مافی گەلانی ستەم دیدەوەستا و دژی سەنگەری کۆلۆنیالیزم پایەداری خۆی سەلماند. مارکس سەبارەت بە مافی چارەنووسدانانی ئەوان بوو پشتیوانی شۆڕشی

١٨٤٠ ای ئەڵمانیای کرد و هەروەها پشتیوانی خۆشی بۆ بسمارکیەکانی ئەڵمانیا دژی فەرەنسە دەربڕی لە ساڵی ١٨٧٠ .

مارکس لە ساڵی ١٨٤٨ سەبارەت بە مەسەلەی گەلی ئیرلەندا و سەربەخۆیی ئیرلەندا هەڵوێستی نارەزایی دەربڕی ، دژی جیابوونەوەی ئیرلەندا وەستا و لەو باوەڕەدا بوو کە بزووتنەوەی نەتەوەیی نایێتە هۆی ڕزگاربوونی ئیرلەندا بەڵکە بزووتنەوەی کرێکارانی میللەتی دەسەڵاتدار دەمانگەیەنێتە ئەم مەبەستە ، مارکس نووسیویەتی و دەڵێت : (( ماوەیەکی زۆر بوو باوەڕم وابوو کە سەرنگون کردنی ڕژێمی ئێستای ئیرلەندی بە هۆی سەرکەوتنەکانی چینی کرێکاری ئینگلستانەوە دەبێت وە هەمیشە داکۆکیم لەم رایە دەکرد لە ( نیویۆرک تریبیون ) . بەڵام دوای ئەوەی لە توێژینەوەی کێشەکە قووڵ بوومەوە قەناعەتم ئاوەژوو بوو )) .

واتە مارکس لە بەرایی‌دا وای بۆ دەچوو کە ڕووخاندنی ڕژێمی ئیرلەندی و دانانی مافی چارەنووسی گەلی ئیرلەند ، بە هۆی خەباتی کرێکارانی ئینگلستانەوە دەبێت دژی ئەو ڕژێمە ، بۆیە جیابوونەوەی ئیرلەند ، واتە لێک دابڕاندنی پرۆلیتاریای هەردوو وڵات ، و لاوازکردنی بزووتنەوەی کرێکاران کە ئەمەش بێگومان لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریای هەردوو وڵات نیە .

مارکس دەگەڕێتەوە و دەڵێت (( چینی کرێکاری ئینگلیز ناتوانێت شتێ دروست بکات ئەگەر لە ئیرلەندا نەجاتی نەبێت ... چونکە کۆنەپاری ئینگلیزی لە ئینگلتەرا هێزی خۆی لە کۆیلە کردنی ئیرلەند دەوە وەردەگرێ )) . کە کرێکارانی ئینگلستان نەتوانن هیچ شتێ پێشکەش بکەن ئەگەر ئاتوو لە ئیرلەندەدا نەجاتیان نەبێت ، ئەوسا سەربەخۆیی ئیرلەندە مەسەلەیەکی مەعقول و مەنتقی دەبێ چونکە (( زووف وای هێنا کە چینی کرێکاری ئینگلیز بکەوێتە ژێر کاریگەری ( الأحرار ) بۆ ماوەیەکی زۆر و تا دوایش بە دوایاندا بکشێ و سیاسەتێکی کرێکارانەی وا هێزیان ئیفلیج بکات کە ( ئەحرارەکان ) بە سەریەدا زاڵ بن )) .

کەواتە مارکس لە سەرەتادا باوەڕی وابوو کە بزووتنەوەی کرێکاران و ململانێی چینایەتی زامنی ڕزگاری ئیرلەندەن ، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا و مارکسیش هاتە سەر ئەو ڕەئیەی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی ئیرلەند ، خۆی زامنی ئەو کارەیە بۆیە لە ١٨٦٧ پشتگیری خۆی لە سەربەخۆیی ئیرلەندە ڕاگەیاند .

بێگومان ئەم باری سەرنجەی مارکس مانای هەڵوێستی هەڵپەرستانە نیە بەڵکە شیکردنەوەیەکی دیاریکراوە بۆ بارێکی دیاریکراو ، دیارە کە هەر مەسەلەیەک هەلومەرجی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە ، شیکردنەوەی مەسەلەکە دەبێ لەگەڵ ئەو بارو

زروفە تایبەتیە هاوەنگ بێت کە ئەمەش یەکێکە لە رێبازەکانی شیکردنەوەی دیالێکتیکانە.

هەر لە دوای ئەم هەڵوێستەی مارکس کۆنگرەی ئینتەرناسیونالستی ساڵی ١٨٩٦ کە لە لەندەن گرێدرا بڕیارێکی دەرکرد، بڕیارەکە دەڵێ: (( کۆنگرە پشتگیری تەواوی خۆی سەبارەت بە مافی چارەنووسداناتی گەلان ئاشکرا دەکا، و عەتفی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر کرێکارانی هەر وڵاتێك لەژێر نیری چەوسانەوەی رژێمە سەرکوتکەرە سەربازیەکانی بیانی یان نیشتمانی دەناڵێنن، وداوا لە کرێکارانی هەموو ئەو وڵاتانە دەکا بچنە ریز کریکارە هۆشیارەکان ( واتە هۆشیاری بەرژەوەندییە چینایەتیەکانیان ) لە هەموو دونیادا، و هاوخەبات بن لە گەڵیاندا لە پێناوی رووخاندنی سەرمایەداری جیهانی و هێنانەدی ئامانجە سۆشیالیستی و دیموکراتیە ئینتەرناسیونالستەکان )).

بەم چەشنە کۆنگرەی ئینتەرناسیونالستی دانی نا بە مافی چارەنووسداناتی هەموو گەلانی چەوساوە بێ جیاوازی، جا ئەو گەلە لەلایەن رژێمێکی داپڵۆسێنەری سەربازی نیشتمانیەوە بچەوسێتەوە یاخود نیشتمانی داگیرکراوی ئەو گەلانە لەلایەن دام و دەزگایەکی بیانیەوە حوکم بکرێ، لە هەمان کاتدا کۆنگرە رشتە لەسەر هاوخەباتی کرێکارانی هەموو جیهان و ئینتەرناسیونالستی پرۆلیتاریا.

بە سەرهەڵدانی لینینیست ( مارکسیستی سەردەمی ئیمپریالیست و شۆرشی سۆشیالیستی جیهانی ) مافی چارەنووسداناتی گەلان شێوەیەکی بەرفراوان و نوێتری بەخۆیەوە دیت. ( لینین ) بیروباوەرە پیرۆزەکانی هەردوو مامۆستای خۆی دوولتر کردەوە و راقەی کردن و خستنیە بارێکی زانستیانەی وا بگاتە ئەو رێگارەی مارکس و ئینگلز مەبەستیان بوو. ( لینین ) لە چ بونەیەکدا نەبوو مافی گەلانی بەشخوراو نەهێنێتە نێوانەوە و لەسەر ئازادی و سەربەخۆیی گەلان رشت نەبێ، لینین دەنوسێ:

(( مافی گەلان لە داناتی چارەنووسیان بەپێی چەمکی پێڕەوی مارکسیست هەرلایەنی مێژوویی و ئابووری ناگرێتەوە، بەڵکە مافی چارەنووسداناتی سیاسی و سەربەخۆیی سیاسی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییە )).

(( کاتێ کە لینین سەرکردایەتی دەسەلاتی پرۆلیتاریا و یەکەم دەوڵەتی سۆشیالیستی کرد لە جیهاندا یەکەم شت کە پێی هەڵسا پاش سەرکەوتن و لە جەنگ دەرچوونی ئەوە بوو کە رایگەیاند دەستەبەری هەڵوێست و پراکتیکی مافی چارەنووسداناتی هەموو گەلانە، ئەم سیاسەتەشی لەسەر پۆلۆنیا و فنلەندا و هەموو گەل و میللەتانی ئاسیا راهێنا )).

مەسەلەی جیابوونەوەی فنلەندا یەکێك بوو لەو مەسەلانەی بەرەو رووی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا و شۆرشی ئۆکتۆبەر بووە . لینین سەبارەت بە مەسەلەی فنلەندا گووتی :

(( لە دانانان بە ئازادی جیابوونەوەی ئەم هەموو گەلانە مەترسین مانابێ بە زۆری پال بە گەلانەوە بنرێ بۆ یەکگرتن لەگەڵ روسیای گەورە بەڵکە تەنها لە رێگەی رێکەوتنی خۆویست و ئازادەوە دەبێ ، بەبێ ئەوە ئازادی جیابوونەوە مەحالە)) .

کاتێ لینین بەرپەرچ جوامێریەوە بۆچوونەکانی خۆی گەلالە دەکرد بۆرژوا و سەرمایەدار و کۆنەپەرستانی روسیا بەرمنگاری ئەم هەڵوێستە راست و دروستەی لینین بوونەوە و دەیانگووت مافی جیابوونەوەی گەلان زیان بە دەوڵەتی سۆڤیەتی دەگەیەنێت و دابراندنی ئەم هەموو پارچە خاکی سۆڤیەت زیان بەخش دەبێتەبەڵام لینینی مەزن وورد بینتر و زاناتر لە مەسەلەکە گەیشتبوو بۆیە لە وەرامی ئەواندا دەنووسێ :

(( دانانان بە مافی جیابوونەوە مەترسی لەت لەت بوونی دەوڵەت سووك دەکا )

لینین لەوباوەرەدا بوو کە مەترسی لەت لەت بوونی دەوڵەت لە چەوسانەوەی نەتەوەیی و دانانان بە مافی چارەنووسیانەوە نەك لە هاوژینی و ئازادکردنیان بۆ بریاردانی پاشەرۆژی سیاسی و ئابووری خۆیان ، بۆیە دەربارەی مەسەلەی فنلەندەوە قسەی کرد و گووتی :(( ئەو سۆشیال دیموکراتەی ئازادی فنلەندەی نەوێ شۆڤێنیە)) دیارە کە بەرژەوەندی چینی کرێکار وا دەخوازێ گەلان بە سەربەستی خۆیانەوە رەفتار بکەن ،چونکە ئازادی جیابوونەوە لێك دابرانی هاوخەباتی نێونەتەوەیی پرۆلیتاریا لاواز ناکات بەڵکە پتە و بە هێزتری دەکات بۆیە (( پێویستە لەسەرمان و لە پێناوی بەرژەوەندی یەکانی پرۆلیتاریا و سەقامگیر کردنی یەکێتیە چینایەتیەکەی دان بە مافی جیابوونەوەی هەموو گەلان بنێین)) ،دیارە لینین زۆرچاك ئاگای لەو مەسەلەیە بووە دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکیتردا و چەوسانەوەی ئەو نەتەوەیە و رێگە نەدانی بۆ هەڵبژاردنی رێگە ژیان و فراژووی‌کۆمەڵی خۆی دەبێتە هۆی شیرازە تێکچوونی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا و یەکێتیە پولاینەکەی :

لە هەمان کاتیشدا لینین گووتی :(( ئەوەی دژی جیابوونەوە بوەستێ پشتگیری یێکەوە نوساندن دەکات )) .

لینینیزم داوا لە هەموو کۆمۆنیستانی جیهان دەکات لە گرینگی و بایەخی خصیصە نەتەوەییەکان کەم نەکەنەوە و موبالەغە لە بایەخیشی نەکەن .

جیابوونەوە یان یەکگرتن ؟

مەسەلەی جیابوونەوە یان سەربەخۆیی سیاسی و مەسەلەی هەلبژاردنی یەکێتی

دوو مەسەلەی گرینگ و پڕ کێشەن کە کەوتنە کۆڕی لێدوان و باسلێکردن دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن لە وڵاتێکی فرە نەتەوەیی وەك رووسیا کە بە (( زیندانی گەلان)) ناسرابوو، ئایا جیابوونەوە لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریادایە یان یەکگرتن ؟

لینینی مەزن هەر زوو گوتی : (( مافی چارەنووسدانانی گەلان جگە لە جیابوونەوەی سیاسی ئەو گەلانە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ مانایەکی دیکەی نیە )) .

واتە لینین مافی جیابوونەوەی گەلان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە مەبەستێکی سەرەکی مافی چارەنووسدانانی گەلان دادەنێ ، مافی چارەنووسدانان ئەگەر جیابوونەوەی ئەو گەلانە و سەربەخۆیی سیاسی ئەوان نەبێ ئەوە مافی چارەنووسدانان نیە و کارێکی ریفۆرمیستانەیە ، بەڵام لینین دەگەڕێتەوە و دەڵێت :
(( مافی جیابوونەوە مانای وجوبی جیابوونەوە نیە )) ، گەلان دەتوانن جیا نەبنەوە و لەگەڵ گەلانیتر بژین و هاوکاری دەگەڵ یەکتردا بکەن و یەکێتی و هاوژینی هەڵبژێرن ، گەلان پەنا نابەنە بەر جیابوونەوە( تەنها ئەو کاتە نەبێ کە چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئەو کێشە نەتەوەییانە توشبگیری دەبن ئەوەندە ترسناك و مەترسیدار بن کە هاوژینی و پێکەوە بوونیان ستەم بێ ، و ببێتە ئاستەنگی پێوەندیە ئابوریە جیاجیاکانیان . ئەو کاتە بەرژەوەندی پەرەسەندنی سەرمایەداری و بەرژەوەندی ئازادی خەباتی چینایەتی لە تەك گروپە جیابووەکە دەبێت ) .

واتە گەلان ئەوکاتە جیادەبنەوە کە :

١ــ ئیدی ئەو گەلانە لە توانایان نەمێنێ ژیان پێکەوە ببەنە سەر لە چوارچێوەی رژێمێکی سیاسی ــ ئابووریدا ، سەبارەت بەو چەوسانەوە نەتەوەییەی کە لە ئارادایە .

٢ــ کێشە و ململانێی نەتەوەیی بگاتە رادەیەك زیان ببەخشێتە بزووتنەوەی کرێکاران و یەکێتی چینایەتیان .

٣ــ پێوەندیە ئابووریەکان بە هەموو شێوەکانیەوە نەمێنێ و کۆسپ بێتە رێگای ئەو پێوەندیانە .

لینین وای بۆدەچێ هەر میللەتێك بیەوێ مافی چارەنووسدانانی هەبێت دەتوانێت یەکێك لەم دوو رێگایە هەڵبژێرێت:

١ــ جیابوونەوە ــ سەربەخۆیی .
٢ــ هەڵبژاردنی یەکگرتن .

ئەم دوو مافە دراوەتە هەموو گەلان بچوك و گەورە و بێ هەڵاوێردن بەم بۆچوونە مەزنەی لینین تەلاری بیروباوەری بۆرژوا سەبارەت بە مافی چارەنووسدانان سەرنگوون

بوو ، ئەوەتە لینین لە ( حركة شعوب الشرق ) دا دەڵێ :

(( لە راستیدا ئێمە تەنیا نوێنەری پرۆلیتاریای هەموو وولاتان نین بەڵكە ئێمە نوێنەری گەلە چەوساوەكانیشین )) بەم جۆرە لینین بەراستی و بە واقیعیش خۆی بە نوێنەری گەلانی چەوساوە حسێب دەكات و لە مافی چارەنووسی ئەوان دیفاع دەكا ئەو دیفاعكردنەشی لەو دەمەتەقێیەدا بە ئاشكرا وەدەردەكەوێ كە لەگەڵ ( رۆزا لۆكسمبۆرگ ) كردوویەتی .

رۆزا لۆكسمبۆرگ كە دژی مافی چارەنووسدانانی گەلان دەوەستا دەیگووت شەڕی نەتەوەیی لە سەردەمی ئیمپریالیستدا مومكین نیە ، هەموو شەڕێكی نەتەوەیش دەبێتە روودانی شەڕ لە نیوان دوو دەوڵەتی ئیمپریالیستی گەورە ، بەڵام لینین بە توندی بەرپەرچی دەداتەوە و دەڵێ : نەخێر ! شەڕە نەتەوەییەكان دەشێ رووبدەن و رووش دەدەن و پێشكەوتنخواز و شۆڕشگێڕانەشن .

هەروەها رۆزا لۆكسمبۆرگ باوەڕی وا بوو كە مافی چارەنووسدانان و سەربەخۆیی گەلان شتێكی ستەمە لە رۆژگاری ئابووری جیهانی و هاوپێوەندی و تێكەڵاوی گەلان ، و لە ژێر سایەی بۆرژوا و ئیمپریالیست و چەوساندنەوەیان ، هەروەها وای دەزانی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی پۆلۆنیا كۆمەكی كردنە بە بۆرژوای پۆلۆنی و پارتی سۆشیالیستی پۆلۆنی ناسیۆنالیستی بۆرژوازی بچووك .

لینین هەرچەندە بزووتنەوەی نەتەوەیی بە بزووتنەوەیەكی بۆرژوازی و خەباتی نەتەوەیی بە خەباتێكی بۆرژوازیانە لە قەڵەم دەدا ، بەڵام ئەم خەباتە نەتەوەییەی گەلانی ژێردەست و زۆرلێكراو لە رۆژهەڵات ( رۆژهەڵاتی ئەورووپا ، بە تایبەتی لە ئاسیا و موستەعمەرەكان ) خەباتێكی جەماوەری پێشكەوتنخوازانەیە : رۆژهەڵاتمان تا ئێستاش لە قۆناغی شۆڕشی دیموكراتی دایە ( یان هەر لە سەرەتای دایە ) .

خاسیەتی بۆرژوازیەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەسیەتە میللی و جووتیاری و رەنجدەریەكەی فەراموش ناكات .

لینینی مەزن بە گرێدانی چارەسەركردنی مەسەلەی نەتەوەیی دەگەڵ ئامانجەكانی ململانێی چینایەتی توانی ئەو گرێ كوێرەیە بكاتەوە و سووربێ لەسەر هاوكێشەی سەركەوتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی زۆرلێكراو و رزگاربوونی كۆمەڵایەتی واتە شۆڕشی سۆشیالیستی .

لینین داوای لە هەموو حیزبە كۆمۆنیست و بزووتنەوەی كرێكارانی جیهان كرد لە پێناوی مافی چارەنووسدانانی گەلانی چەوساوە خەبات بكەن و كۆمەكی هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازە نیشتمانیەكان بكەن و بۆ وەدی هێنانی سەربەخۆیی و ئازادی .

هەر لەسەر وەسیەتی لینین دەوڵەتی شورەوی و دەوڵەتە سۆشیالیستەکان و حیزبە پرۆلیتاری و شیوعیەکان پەرەیان دا بە مەبدەئی لینین سەبارەت بە مافی چارەنووس دانانی گەلان ، وەهەروەها یاسا ناسە پێشکەوتنخوازەکان بیروباوەڕی خۆیان لە کانیاوی تیۆری لینینیزم هەڵدەهێنجن .

( ستارۆشنکا ) کە فەقیەیەکی بەرجەستەی سۆڤیەتە دەربارەی مـــافـــی چارەنووسدانانی گەلان لە سیاسەتی هەندەرانی دەوڵەتی سوڤیەت باس دەکـات و دەڵێ (( ئەم مافە دوو لایەنی هەیە ،لایەنی ناوەکی و لایەنی دەرەکی ، بەپـێی لایەنی دەرەکی گەل مافی ئەوەی هەیە رژێمی سیاسی و ئابووری خۆی لە بـــــواری نێو وڵاتاندا دیاری بکا )) .

بەپێی لایەنی ناوەکیش (( گەل مافی ئەوەی هەیە شێوە پێکهاتنی ئابــووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی دیاری بکات )) .

ستارۆشنکا دڕێژە بە نوسینەکەی دەدا و دەڵێ :

(( لایەنی دەرەکی بریتیە لە :

ا ـ مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ؛

ب ـ مافی جیابوونەوە بە نیازی چوونە ناو دەوڵەتێکی ترەوە؛

ج ـ مافی یەکگرتن لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی کە ئەم گەلە سەر بە ئەو بوو لەســـەر بناغەی یەکێتی فیدرالی یان ئۆتۆنۆمی یان هەر شتێکی لەم بابەتە؛)) .

(( بەڵام لایەنی ناوەکی مافی چارەنووسدانان بریتیە لە :

ا ـ دیارکردنی رژێمی حوکمی کۆمەڵایەتی خۆی ؛

ب ـ ئازادی بەڕێوەبردنی دەرامەتی ئابووری و ئاراستەکردنی ژیـانـی ئابووری وڵاتەکەی خوی ؛

ج ـ چارەکردنی هەموو کێشەیەکی ناوەکی تر ، کێشەی فەرهەنگی کێشــە ئایینیەکان و هی‌تر) .

یاساناسانی سەر بە ئوردوگای سۆشیالیستی لەو باوەڕەدان کە ( حـاکـــمیەتی نەتەوەیی ) و( حاکمیەتی دەوڵەت ) دوو چەمکی پێوەندیدار و تێک چڕژاون و دانان بە حاکمیەتی نەتەوەیی وا دەخوازی کە دان بە مافی چارەنووسدانانی گەلان بنـرێ لەوانیش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخوی خویان .

( ن . کالنا خجیان) ی بولگاری دەڵێ (( حاکمیەتی نەتەوەیی لە بــلانـــی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی واتە مافی گەل بۆ بنیاتنانی ژیانی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری و ئەو رژێمە حوکمەی کە بەرژەوەندیەکانی پێویستی دەکات ، پێش هەموو شتێـــــک

بەرژەوەندی یەکانی دابین کردنی سەرکەوتنی بزووتنەوەکەی بەرەو شیوعیەت )).

لە کاتێکدا حاکمیەتی دەوڵەت مانای هەرێم پارێزی سیاسی و سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیە.

بۆیە تیۆری یاسای نێودەوڵەتانی سۆشیالیست جیاوازی دەکا لە نێوان حاکمیەتی نەتەوەیی و حاکمیەتی دەوڵەت.

تونشاکۆف دەنووسێ و دەڵێ: (( یاسای هاوسەردەمی نێودەوڵەتان دان بە حاکمیەتی دەوڵەت و حاکمیەتی نەتەوەیی دادەنێ کە مانای مافی هەموو گەلانە بۆ چارەنووسدانان، لەوانەش مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی )).

کەواتە حاکمیەتی نەتەوەیی بە هۆی مافی چارەنووسدانانەوە دێتە دی بێ ئەوەی بۆ حاکمیەتی دەوڵەت بگۆڕێ، چونکە ئەو میللەتەی چارەنووسی خۆی بڕیوە، خەباتی خۆی لە پێناوی داکۆکی لە حاکمیەتە نەتەوەییەکەی پەرە پێدەدا.

## سەنەدی یاسایی مافی چارەنووس دانان

آ ـ مافی چارەنووس دانان لە زۆر پەیمان و بەڵێنە نێودەوڵەتیەکان باسی کراوە:

پەیمان و بەڵێنە نێودەوڵەتیەکان ئەمڕۆ سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگی یاسای گشتی نێودەوڵەتانن، سەبارەت بەوەی کە تا ئێستاکە یاسای گشتی نێودەوڵەتان لە رووی هونەریەوە رێک و پێک نەکراوە و وەک یاسا ناوخۆییەکان نەنووسراوەتەوە و تۆمار نەکراوە، بۆیە ئەم پەیمانانە گەلەکۆمەکییانە بوونەتە سەرچاوەی ئەم یاسایە، بەتایبەتی ئەو پەیمانانەی زۆربەی ئەندامانی خانەوادەی مرۆیی مۆریان کردووە و بڕیاریان لەسەر داوە، کە مافی چارەنووسدانانیش لە نێو ئەم بەڵێن و پەیمانانە هاتبێ دیارە ئەویش وەک بەشێکی پەیمانەکە رەزامەندی دەوڵەتانی لەسەر کۆکراوەتەوە و هەموو وڵاتان دەبێ رێزی لێ بگرن و بیپارێزن.

ئەو پەیمان و بەڵێنانەی وڵاتانی جیهان مۆریان کردووە بوونەتە سەنەدێکی بایەخداری مافی چارەنووسدانان، گرنگترینی ئەو رێککەوتن و بەڵێنانە:

- رێککەوتنی نێوان وڵاتیەکەی لەناوبردنی هەموو جۆرەکانی نەژادپەرستی ساڵی ١٩٦٥.
- پەیمانی نێودەوڵەتانی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان ساڵی ١٩٦٦
- پەیمانی نێودەوڵەتی مافە سیاسی و شارستانیەکان ساڵی ١٩٦٦.

ب ـ لە بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکاندا ئەم مافە باسی لێکراوە :

دوا بە دوای گردبوونەوەی کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ لە ساڵی ١٩٤٥(٥١) دەوڵەت (( بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکان )) یان مۆرکرد هەر لە هەمان ساڵیشدا ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ ئەم بەڵێننامەیە کاری پێکرا دوای راستاندنی وڵاتە گەورەکان و زۆربەی زۆری وڵاتان ، ئێستە ، هەموو دەوڵەتان بەم بەڵێننامەی قایلن و مۆریان کردووە و پەیمانیان داوە رێزی پرانسیپەکانی بگرن ، واتە بەڵێننامە لەلایەن هەموو وڵاتانی جیهان دانی پێدانراوە و نرخێکی یاسایی تەواوی هەیە و نابێ دەوڵەتان سەرپێچی لە مەبدەئەکانی بکەن ، بەڵکە دەبێ بەگوێرەی ئەو بەڵێننامەیە هەنگاو هەڵگرن ، ئەوەتە یەکێک لە مەرجەکانی وەرگرتنی دەوڵەتان لە رێکخراوی میللەتە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە دەبێ بەو هەموو ئەرکانە رازی بن کە بەڵێننامە دیاری کردووە و هەروەها بتوانن ئەم ئەرکانە رابپەڕێنن کە تێیدا هاتووە ، هەرکاتێکیش دەوڵەتێک پرانسیپەکانی بەڵێننامە بەلاوە بنێ لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەدەر دەنرێ لە رێگەی کۆمەڵەی گشتی و بە راسپاردەی ئەنجومەنی ئاسایش . بەڵێننامە لە دوو شوێندا باسی مافی چارەنووسدانانی گەلانی کردووە ، وەک ئەنجامێکی هەرە گرنگی رێکخراو و بەڵێننامەکە :

مادەی یەکەم برگەی دووەمی بەڵێننامەکە دەڵێت :

(( گەشەپێدانی پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوان میللەتان لەسەر بنچینەی رێزگرتنی ئەو مەبدەئەی داوای یەکسانی و جوونیەکی مافی هەموو گەلان و مافی چارەنووسدانیان دەکات بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو تەگبیرانەی بۆ چەسپاندنی ئاشتی گشتی لەبارن )) .

هەروەها لە مادەی ( ٥٥ ) هەمان مەبەست دووبارە کراوەتەوە . کەواتە مافی چارەنووسدانان پرانسیپێکی گرینگی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە و ئەرکی هەموو دەوڵەتانە رێزی ئەم مافەی گەلانی چەوساوە بگرن و مافی چارەنووسی خۆیان پێ بدەن . هەروەک دەیتوانن ئەم مافە لە رێزی پێشەوەی ئامانجە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەڵێننامە ئەم مافەی بە مەبدەئێکی سەرەکی مەبدەئەکانی خۆی داناوە ، دانپێدانانی بەڵێننامەی میللەتان ئەم مافە مرۆییە بە شەرعیەتی تایبەتی داوەتە ئەم مافە و بووەتە سەنەدێکی گرینگی ئەم مافە چونکە (( بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکان گرینگترین بەڵگەنامەی یاسای هاوچەرخی نێو وڵاتانە و بەڵگەنامەیەکی بنچینەییشە تێیدا ، لەبەرئەوە هەبوونی مەبدەئی چارەنووسدانانی گەلان لە نێو ئەم بەڵێننامەیە مانای ئەوەیە کە ئەم مەبدەئە بووەتە مەبدەئێکی سەرەکی و گشتی لە مەبدەئەکانی یاسای

وولاتان، کە دەولەتان دەبێ ئیلتیزامی پێوە بکەن)).

دەیسان ((چەسپاندنی مەبدەئی چارەنووسدانان لە بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکان شەقڵی گشتگیری و ئیلزامی بەم مەبدەئەوە لکاندووە، کردوویە بە ڕێسایەکی یاسایی لە ڕێساکانی یاسای نێو وولاتان و هەموو ئەندامانی خانەوادەی نێو وولاتانیش دانیان پێدا ناوە)).

مامۆستای زانام دکتور حکمت شبر لەم ڕووەوە نوسیویەتی:

((چەسپاندنی مەبدەئی چارەنووسدانان هاوشان لەگەڵ مەبدەئە گشتیەکانی دیکەی وەك مەبدەئی حاکمیەت و مەبدەئی یاساغ کردنی دەستدرێژی و خۆتێهەڵقورتاندن سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆگەلانی چەوساوە، ئەوەتە ئەم مەبدەئە بووەتە سەنەدێکی شەرعی بۆ خەباتی عادیلانەی گەلان دژی ئیمپریالیزم و لەپێناوی سەربەخۆیی)).

گەلانی ژێردەست ئێستە دەتوانن شەرعیەتی داخوازی نیشتمانی خۆیان لەبەردەم هەموو میللەت و گەلانی جیهان بسەلمێنن و بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکانیش بکەنە سەنەدی یاسایی و بەڵگەی ڕاستی و دروستی و عەدالەتی کێشەکەیان.

٣ـ مافی چارەنووسدانان لە هەندێ یاسادانانی دەولەتاندا هاتووە:

یاسادانانی لە هەر وولاتێك و لە سێبەری هەر ڕژێمێکدا بێت سەنەد و سەرچاوەی یەکەمی شەرعیەتی ڕەفتارە یاسایی و مافە شارستانی و ڕامیاریەکانە، یاسادانانی لە پێشەوەی هەموو سەرچاوەکانی یاسایە، بۆ هەبوونی مافی چارەنووسدانان لە نێو ئەم یاسادانانە بۆتە سەنەدێکی یاسایی نووسراو کە پایەی ئەم مافە دەسەپێنێ.

لە ڕۆژگاری ئێستاماندا زۆربەی دەولەتە ئیمپریالیستەکان خۆیان لە بوونی مەسەلەی مافی چارەنووسدانانی گەلان گێل کردووە، بۆیە یاسادانانیان ئەنزیک ئەدوور خۆیان لەم مەسەلەیە ناگەیەنن، ئێمە لێرەدا هەندێ یاسادانانی بە نموونە دەهێنینەوە کە باسی مافی چارەنووسدانانیان کردووە:

- یاسادانانەکانی شۆرشی فەرەنسی ١٧٨٩ ـ ١٧٩٣.
- مافی چارەنووسدانان لە (مەرسومی ئاشتی) دا هاتووە کە ڕووسیا ئاراستەی گەلانی ڕۆژهەلاتی کردووە.
- مافی چارەنووسدانان لە دەستوورەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا هاتووە.
- دەستووری فەرەنسی سالی ١٩٥٨ مافی چارەنووسدانانی داوەتە هەموو گەلانی ژێردەستی فەرەنسە.

٤ ـ بانگەوازی جیهانی مافی مرۆڤ باسی مافی چارەنووسدانانی کردووە

(( بانگەوازی جیهانی مافەکانی مرۆڤ تا ئێستاش گرینگترین بەڵگەنامەی یاساییە ئەم بانگەوازە وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە ژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەو کۆمەڵـەی هیچ پارێزەرێکی یاسایی ئەوتۆی نەبوو ، مافە ئاسایی و مەشروعەکانی فەراهـەم بکات د پارە ( شون ماك براید ) گوتەنی بانگەوازی مافی مرۆڤ (( بەڵێننامەی ئازادی زۆر لێکراوانە )) .

دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرەزۆری بەند و دەقەکانی بانگەواز لە جەغزی مافـی چارەنووسدانان و مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵانی مرۆڤی چەوسـاوە دەسووڕێنەوە و لە خزمەتی مرۆڤایەتی دایە . چونکە ئەم بانگەوازە ئەنجامی ئەو ژانـە دوور و درێژە بوو کە مێژووی مرۆڤ بە دەستیەوە دەیناڵاند .

بانگەوازی جیهانی مافی مرۆڤ و بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تەواوکـەری یەکترن و لە مەبەستیشدا هاوبەشن ، ئەو مەبەستەی بریتییە لە ڕزگارکردنی مرۆڤـی سەردەم لە کۆت و بەندی دیلیەتی و چەوساندنەوەی هەمە چەشنە ، چـونـکـە (( کەرامەتی مرۆڤایەتی کە کۆڵەکەی ئازادی بنیادەمە ، لە هەمان کاتدا کۆڵەکـەی ئازادی هەموو گەلانە ، لە پێداویستەکانی بەدی هێنانی ئازادیش مافی چارەنووس دانـانی گـەلانـە )) .

ئەوڕۆ بانگەوازی مافی مرۆڤ بووەتە بەشێکی گرنگ و سەرەکی یاسای گشتی نێـو وڵاتانی هاوچەرخ بە تایبەت دوای رازی بوونی هەموو دەوڵەتان و باوەڕهێنانیان بە ناوەڕۆکەکەی ، هەرچەندە لە زۆر سووچ و قوژبنی ئەم جیهانەدا ئەم بانگـەوازە و بەندەکانی پشت گوێ خراون و گوێیان پێنادرێت ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کـە بانگەواز نرخی مانایی و یاسایی و ڕامیاری خۆی دۆڕاندووە ، بە پێچەوانەوە ئـەم بانگەوازە تا دنیا دنیایە نرخ و بایەخی خۆی لە دەست نادا و هەر ( بەڵێننامـەی ئازادی زۆرلێکراوان ) .

بەڵێ (( مرۆڤایەتی توانی بە خەباتی بینگرتوو و درێژە پێدراوی خۆی کۆمەڵـی نێو وڵاتان ناچار بکات ڕێزی مافەکانی مرۆڤ بگرێت و لە پێشەوەی هەموویان مافـی چارەنووسدانانی گەلان ، وە هەروەها توانیان کارێکی وا بکەن کە ئەم مافانە بکەنـە مەبدەئە بنەڕەتییەکانی یاسای نێو وڵاتانی هاوچەرخ و لە بەڵێننامەی میللـەتـە یەکگرتووەکان و بانگەوازی جیهانی مافی مرۆڤ و هەموو بەڵێن و پەیمانە نێـو وڵاتییەکان بە ڕەسمییەت بناسرێ )) .

هەر لە دوای دەرچوونی و بڵاوبوونەوەی بانگەوازی مافی مرۆڤ ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر جوامێرانە کەوتە بایەخ دان بەم بانگەوازە لە ڕێگەی لیژنـەی

مافی مرۆڤ تیایدا کە لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا و لە (١٠) ی دیسەمبەری ١٩٤٨ کۆمەڵەی گشتی بانگەوازەکەی لە ڕێگەی بڕیارێکی خۆیەوە ناساند ، لە ئەسڵتی (٥٢) دەوڵەت (٤١) یان دەنگیان دا (واتە ڕازی بوون) هیچ دەوڵەتێك دەنگی لە دژ نەدا لە کاتێکا (٨) دەوڵەت دەنگیان نەدا و دەوانیش ئامادە نەبوون .

کۆمەڵەی گشتی باسی ئەم بانگەوازە دەکات و دەڵێت :

(( ئەم بانگەوازە دەسکەوتێکی هاوبەشی هەموو گەلانە )) . بۆیە هەر لە دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازەوە چەندین کۆنگرە و کۆبوونەوە بەستراوە بۆ بەجێ گەیاندنی بنەماکانی بانگەوازەکە لەوانە کۆنگرەی نێو وڵاتانی مافی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٦٨ لە (تاران) گرێدرا لە دوا بەیاننامەکەیدا هاتووە دەڵێ :

(( سیاسەتی نەژاد پەرستی (جوێ کردنەوەی ڕەگەز) ـ ئاپارتهاید ـ بە توندی مەحکوم دەکرێ وەك تاوانێکی دژی مرۆڤایەتی کە ئاشتی و ئاسایشی نێو وڵاتان لێڵ دەکا . بۆیە ئەرکی کۆمەڵێ دەوڵەتانە کە هەموو دەستاوێزێك بەکاربهێنن بۆ پایماڵکردنی ئەم مەترسیە . خەباتیش لە دژی نەژاد پەرستی ـ ئاپارتهاید ـ بە خەباتێکی مەشروع دەناسرێ )) .

## دەستاوێزەکانی مافی چارەنووس دانان

١ ـ ڕا وەرگرتن ( ریفراندوم ـ استفتاء ) .

ئەگەرچی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ڕاوەرگرتن برەخی نەماوە و بەکار نایەت ، لەکاتی خۆیشیدا هەر دەستاوێزێکی لاواز و کەم توانا بووە کە ڕیفۆرمیست ( اصلاحیەکان ) زۆر بەشان و باڵی هەڵدەدەن ، لە کاتی هەڵچوونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلان گەلاڵەی دەکەن تا خەباتی گەرمیان بە ئومێدی ڕاوەرگرتن سارد کەنەوە ، بۆیە بە دەستاوێزێکی پڕ لە ساختە و درۆ دەلەسە دادەنرێ لە ڕووی فۆرم ( شێوە ) و ( ناوەرۆك ) دا ، بۆ نموونە ئەوەی سەرپەرشتی ڕاوەرگرتنەکە دەکات یان داگیرکەران خۆیانن یان نوکەر و کاسەلێسی ئەوانن ، بە دزی و جەرچێتی ڕاوەرگرتنەکە وەها دەخەنە گەڕ بە سوودی چەوسێنەرەکان تەواو بێ ، بۆ دەرمانیش هەندێ بیچم و دەم وچاو بە ڕووکەش دەگۆڕن و خۆیان دەکەنەوە کوێخا بەڵام بە شێوەیەکی نوێ و بە چەند مەرجێکی نوێ .

لە مێژووی خەباتی گەلانی چەوساوەدا کەم دەبینرێ گەلان بە هێزی ڕاوەرگرتنەوە چارەنووسی خۆیان دیار کرد بێت .

٢ ـ کۆنگرە و خۆپیشاندان و کۆبوونەوە :

کۆنگرە و خۆپیشاندان و کۆبوونەوە سیاسییەکان دەستاوێزێکی تری دابین کردنی مافی چارەنووسدانانن، بەڵام ئەم دەستاوێزەش لە دەستاوێزەکەی پێشوو بەهێزتر نییە بەتایبەتی لە سەردەمی ئەمڕۆماندا، سەردەمی هەڵپەی ئیمپریالیزمی جیهانی دنیاخۆر، چونکە هەرگیز دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان هێندە پاک ڕەوشت نین بەبێ خوێن ڕشتنی ڕۆڵەی گەلانی چەوساوە بەو سووک و ساناییە سەردابنەوێنن، بەڵام ئەم دەستاوێزانە دەتوانن کاری خۆیان بکەن و نەخشی خۆیان یاری بکەن بەوەی کە ڕای گشتی جیهانی ڕادەکێشن و گەلانی جیهان وەئاگا دێنن و پشتگیری زۆربەی گەلانی پێ مسۆگەر دەکەن.

ئەم کۆنگرە و کۆبوونەوە سیاسییانەی بۆ پشتیوانی گەلانی زۆرلێکراو گرێ دەدرێن تا ڕادەیەک توانیویانە کاریگەرییەکی مەعنەوییان هەبێت، بەڵام بە تەنها نەبوونەتە هۆی دابین کردنی مافی چارەنووسدانانی گەلان.

بۆ نموونە یەکێتی پەرلەمانی جیهانی لە کۆنگرەی (٢٧) مینی خۆی لە ساڵی ١٩٥٣ بڕیاریدا کە مافی گەلان بۆ چارەنووسدانانی خۆیان مەبدەئێکی گشتییە.

هەروەها کۆنگرەی باندۆنگ ١٩٥٥ ئەم بڕیارانەی دەرکرد :

١- ئیستیعمار بە هەموو شێوەکانیەوە مەترسییەکە دەبێ بە زوویی کۆتایی پێ بهێنرێت

٢- کۆیلەکردن و ڕاڵ بوون و دەسەڵاتی بێگانە، نکوڵی کردنی مافە سەرەکییەکانی مرۆڤە و لەگەڵ بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکان ناگونجێ و تەگەرە دەخاتە بەردەم پەرەسەندنی ئاشتی و هاوکاری نێو وڵاتان.

٣- کۆنگرە لایەنگیری مەسەلەی ئازادی و سەربەخۆیی هەموو گەلانە.

٤- کۆنگرە داوا لە وڵاتان دەکات ئازادی و سەربەخۆیی بدەنە ئەو گەلانە.

٣- خەباتی چەکدارانە:

تاکە ڕێگە و سەرکەوتووترین دەستاوێزە بە هۆیەوە گەلانی ژێردەستە بگەنە ئاوات و ئامانجیان لە مافی چارەنووسدانانی خۆیان، مێژووی کۆن و نوێ و ڕەوتی خەباتی مرۆڤایەتی تا ئێستا شتێکی وای بە هەڵکەوتیش نەدیوە کە داگیرکەران و ئیمپریالیزمی جیهانی بە گوێرە وازیان لە گەلانی چەوساوە هێنابێ و مافی چارەنووسدانانیان کرد بێتە بەخشین، داگیرکەران ئەوەندە دڕندە و سەرشێتن تا بە هێزی چەک و ئاگر نەبێت دەست لە چەوساندنەوەی میللەتان هەڵناگرن، بۆیە خەباتی چەکدارانە بووەتە مەسەلەیەکی حەتمی کە هەردەبێ گەلان پەنای بۆ ببەن تا بتوانن سام و شکۆی چەوسێنەران بشکێنن و لە بناغەوە هەڵیان تەکێنن، ئەمڕۆ لە بەشێکی زۆری جیهاندا لە ئاسیا و لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوای سەرمایەدار خاوەنی

بنکەی لەشکریە و بە هێزی چەك وولاّ تانی بچووك د اگیرد ەکا و خۆ د ەخزێنێتە نــاو کاروبارێکیان و ئازاد ییە د یموکراتیەکان بێ شیل د ەکات، د یارە تا بە هێزی چەك و خەباتی چەکد ارانە نەبێت ئەم وولاّ تانە چۆل ناکەن و نایەلّن گەلا ن بە سەربەخۆیی و ئازاد ی بژین و خەریکی پێشخستن و فراوانکرد نی سامان و د ارایی نیشتمانــــی خــــۆیـــان بـــن ٠

ئەمرۆ گەر سەرنج بد ەینە نەخشەی جیهان بۆما ن د ەرد ەکەوێ کە شوێن نیــــە د اگیرکەران بە خوت و خۆرایی بەجێیان هێشتبێ ، بەلّکە لە هەموویاند ا بە هــۆی شۆرشی چەکد ارانە سوپای د وژمن وەد ەرنراون و حکومەتی نیشتمانی تێد ا د امەزراوە بۆیە خەباتی چەکد ارانە بووەتە یاسایەکی گشتی بۆ هەموو ئەو گەلانەی لە پێــناوی رزگاری نیشتمان و ئازاد ی خۆیان تێد ەکۆشن ٠

## خاسیەتەکانی مافی چارەنووس داتان

١ــ ئەم زاراوە لە زاراوی فیقهی‌یەوە گۆرا بۆ زاراوەیەکی یاسایی :

مافی چارەنووسد انان بەرلەوەی بێتە ناو چوارچێوەی یاسا و ببێتە پرانسیپێکــی یاسایی لە بەشی یاسای گشتی زاراوێکی فیقهی رووت بوو بەسەر زاری نوسەرانــی یاسا و پیاوانی سیاسەتد ا د ەهات، هەرئەوەند ەش بایەخ و نرخی هەبوو کە گوتــە و مەزەبی نوسەرانی یاسا لە یاسای گشتید ا هەیان بوو، کە ئەم زاراوە هاتە نێو چــوار چێوەی یاسا ، هێزێکی یاسایی و سیاسی وەرگرت و بووە زاراوێکی یاسایی ٠

٢ــ ئەم مافە لە مافێکی تیۆریەوە بووە مافێکی کرد ەیی :

ئەمە ئاکامی گۆرانەکەی یەکەمە ، واتە پێشتر لە لایەنی تیۆریەوە مافی سروشــتی هەموو گەلان بوو ، د وایی بووە مافێك واقیع‌فەرزی کرد و پەیمان و بەلّێنە نێــــو وولاّ تیەکان تۆماریان کرد و هەند ێ گەلا نی چەوساوەش بە کرد ەوە توانیان بــــی ســـــتێنن ٠

٣ــ ئەم مافە (( ماف و مەبد ەئە)) و رژێم‌یە ناو لێنانیشی بە ( مەبد ەئ) ( مــاف) کارناکاتە سەر نرخە یاساییەکەی ٠ بروانە بریاری کۆمەلّەی گشتی ژمارە ٦٣٧ لـــە ١٦/١٢/١٩٥٣ ٠

(( کۆمەلّەی گشتی وولاّ تە ئەند امەکان راد ەسپێری ، رەچاوی مەبد ەئی چارەنووس د انانی گەلا ن و میللەتان بکەن و مافی چارەنووسد انانیان بە رەسمیەت بناســــن ( هێل بەژێر کیشانەکە هی نوسەرە ) ٠

٤ــ مافی چارەنووسد انان مەبەست و د ەستاوێژە :

دەستاوێژە بەوەی کە لە ڕێگەیەوە گەلانی ژێردەست بە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان شاد دەبن ، مەبەستیشە بەوە کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئامانجی تێیدا ئەوەیە کە ئاشتی جیهانی وبە هۆیەوە بێتە کایەوە و ئاسایشی نێو وڵاتانی بۆ مسۆگەر بکرێ و پێوەندی دۆستانەی نەو گەلانی بۆ پەرە بسێنرێت •

٥ـ مافێکە بۆ ئەو گەلە زۆرلێکراوانەی قەوارە ( موجود یەت) ی سیاسیان نیەتەك بۆ ئەو گەلانەی خاوەنی قەوارەی سیاسی خۆیانن و سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریان هەیە ،ئەو گەلانەی خاوەنی قەوارەی سیاسین و داوای مافی چارەنووس دانان دەکەن لە ڕاستیدا داوای ئازادیەدیموکراتیەکان دەکەن ، هیچ ڕێی تێناچی میللەتێك خاوەنی سەربەخۆیی نیشتمانی بێت و قەوارەی سیاسی هەبێت داوای مافی چارەنووسدانان بکات •

ئێمە لێرەدا دژی بۆچوونی مامۆستای زانام دکتۆر حکمت شبر هەڵوێست دەگرین کە لەو باوەڕەدایە میللەتی خاوەن قەوارەش بۆی هەیە داوای چارەنووس دانانی دانانی خۆی بکات، ئێمەش دەڵێین هەر تەنها ئەو گەلانەی لەژێر نیلەی ئیمپریالیزم دەناڵێنن و نیشتمانیان لێ زەوت کراوە و لە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی بێبەریەن توشبگیری هەردوو چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتین هەر ئەوان هەقی ئەومیان هەیە داوای مافی چارەنووسدانانی خۆیان بکەن ،لە کاتێکدا گەلانی خاوەن قەوارە دەتوانن بە داخوازی یاسایی و سیاسی جۆرا و جۆر مەبەستی خۆیان بهێنەدی •

## گەلانی چەوساوە کەسانی یاسای گشتی نێو وڵاتانن

ئەورۆ بینە و بەرەیەکی زۆر توند لەسەر ئەوە هەیە کە ئایا گەلانی چەوساوە و بێ دەوڵەتی نەتەوەیی کەسانی یاسای گشتی نێو وڵاتانن یان نا ؟

یاساناسەکانی سەربە دەوڵەتە خۆراوایی و بۆرژواکان زۆر بە تیژی بەرەنگاری ئەوە دەبنەوە کە گەلانی چەوساوە بە کەسانی یاسای گشتی نێو وڵاتان بناسرێن ،ئەم ڕایەیان بەتایبەتی دوای هەڵچوونی خەباتی گەلانی زۆرلێکراوی جیهان گەیشتە ئەوپەری بێشەرمی ،ئەوانە دەڵێن نابێ گەلانی بێ دەوڵەت ببنە کەسانی یاسای نێو وڵاتان چونکە یاسای نێو وڵاتان تەنیا پێوەندی بە ڕێکخستن و تەباکردنی پێوەندی نێوان دەوڵەتان هەیە ،کە گەلانی چەوساوەش خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بن دیارە ناکرێن ببنە لایەنێکی ئەو پێوەندیانە •

بەپێچەوانەوە یاسانا سەکانی سەر بە بیری پێشکەوتنخوازی مرۆڤایەتی بەتایبەتی زانایانی سۆڤیەت و وولاتانی سۆشیالیست و جیهانی سێیەم (ئێمەشی لەگەڵدا بێت) لەو باوەڕەدان کە دەبێ گەلانی زۆرلێکراو ببنە کەسانی یاسای گشتی نێو وولاتان و بەردەوامیش بۆ بەرگری کردن لەم بۆچوونەی خۆیاندا، بیانوو و بەڵگەی زانستییان هێناوەتەوە، کە مافی چارەنووسدانان بوو بێتە یەکێك لە مەبدەئە سەرەکییەکانی یاسای گشتی نێو وولاتان دیارە هیچ بوارێك نامێنی کە گەلانی ژێردەستی مافخوراو بە کەسانی ئەم مافە و ئەم یاسایە نەژمێررێن، واتە یاسای نێو وولاتان لە دوو ریانێکدایە یان نەدانی ئەم مافە بە گەلان یان حسێب کردنی ئەم گەلانە بە کەسانی یاسای نێو وولاتان.

مامۆستا (ئوشاکۆف) نووسیویەتی:

((کە گەلان توانیان ببنە لایەنێکی پێوەندیەکی دیاریکراوی یاسای نێو وولاتان، دیارە هەر دەبێ ببنە کەسانی یاسای نێو وولاتان)).

بەڵێ مێژوویی خەباتی گەلانی مافخوراو نموونەی وای تێدایە کە گەلانی تێکۆشەر لە پێناوی سەربەخۆیی توانیویانە لە پێوەندیە یاساییەبە نێو وولاتیەکان بەشداری بکەن و ببنە لایەنێکی ئەو پێوەندییە، گەلی جەزائیری قارەمان لە ڕێکەوتنی (ئیفیان ١٩٦٢) دا لەگەڵ فەرەنسەدا هاتە سەرمێزی راوێژ و ڕێکەوتن و بووە لایەنێکی ئەو پێوەندیە یاساییەی نێوان جەزایر و فەرەنسە، گەلی ڤیتنامیش ساڵی ١٩٧٠ ڕێکەوتنی پاریسی مۆر کرد، ئێستاش گەلی عەرەبی فەلەستینی خەباتکەر بووەتە لایەنی زۆر پێوەندییە یاساییەبە نێو وولاتیەکان.

مامۆستا (لیفن)ی سۆڤیەتیش دەنووسێ:

((میللەت ناتوانێت ببێتە کەسێکی یاسای نێو وولاتان تەنها لە چەند هەلومەرجێکدا نەبێت، ئەوانەش بریتین لە خەبات لە پێناوی رزگاری نەتەوەییان بە مەرجێ توانیبێتی دام و دەزگای فەرمانڕەوایی ساز بکات بەرلەوەی سەربەخۆیی وەدەست بهێنێ)).

ئێمە دەڵێین ئەگەر هەبوونی ئەم مەرجە ((مەرجی دامەزراندنی دەلم و دەزگای فەرمانڕەوایی)) بۆ هەندێ گەلانی خەباتکەر لە رووی جۆراوجۆردا ڕەنسایێ بۆ هەندێ گەلانی چەوساوەیتر کارێکی دژوار و ناخۆش بووە، بەتایبەتی بۆ ئەو گەلانەی نایانەوێ لە گەلانی هاونیشتمانی خۆیان جیاببنەوە و جارێ پێکهێنانی حکومەتی تایبەتی خۆیان بدەن، بەڵام ئەگەر مەبەست لەم دام و دەزگایە دەزگا وێنەکانی شۆڕش بێت، ئەوا هەموو شۆڕشێکی گەلانی چەوساوە هەرسێ دەسەڵاتەکەی

( یاسارێژی و دادوەری و ڕاپەڕاندن ) ەکەی تێدایە، نموونێکی حکومەتێکی ئاوا کە
مامۆستا ( لینین ) باسی لێدەکات بەرای ئێمە نابێ ببێتە تەگەرە و کۆسپی نەدانی مافی چارەنووسدانان و حسێب کردنی ئەو گەلانە بە کەسی یاسای نێو وڵاتان .

مامۆستای زانا دکتۆر حکمت شبریش دەڵێت :

(( چۆنە دەتوانین دەربارەی دەزگایانی میری قسە بکەین بۆ ئەو میللەتەی هێشتا کە دەوارە سیاسیەکەی چلووڕەی نەکردووە )) .

ئینجا دەڵێ (( میللەتی شۆڕشگێڕ و خەباتکەر ڕێکخستنی خۆی لە دەزگــــا ئازادیخوازەکان ، بەرەی خەباتی نەتەوەیی، حکومەتی کاتی، سوپای ڕزگاریدا دەبینێ کە بەچەند ئەرکێکی دەباری کراوی ناوەکی و هەندەران هەڵدەستی لە چوارچێوەی بەدی هێنانی سەربەخۆیی و گواستنەوە بۆ قوناغێکی نوێتر )) .

مامۆستایەکی بەرجەستەی سۆڤیەت کە ( ج ۱۰ . تونگین) ە دەڵێت :

(( گەلی خەباتکەر لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی کەســـی یاسای گشتی نێو وڵاتانە، چونکە سەبارەت بە بەرەبەرەکانێی وڵاتانی ئیمپریالیســت نەیتوانیوە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێ )) .

دکتۆر الغنیمی یش لەو باوەڕەدایە کە میللەت کەسێکی یاسایی نێو وڵاتانە یان بەلای کەمەوە کەسێتیەکی نێو وڵاتانی هەیە، چونکە میللەت شیاتی یاسایی نێـــو وڵاتانی هەیە و دەتوانێت کردە یاساییەکان ڕاپەڕێنێت .

هەروەها مامۆستا ( ئیسگنتکۆ) دەنوسێ :

(( میللەت لە کاتی خەباتیدا بۆ بەدی هێنانی سەربەخۆیی، بە گوێرەی مەبدەئی چارەنووسدانان وەك لایەنێکی سەربەخۆ دەتوانێت هەڵس و کەوت بکات لە پێوەندییە نێو وڵاتیەکان و دەبێتە کەسێکی یاسای نێو وڵاتانیش )) .

مامۆستا حکمت شبر بەراوردێك دەکات لە نێوان ( میللەت ) و ( دەوڵـــەت ) دەنووسێت :

میللەت حاکمیەتی نەتەوەیی هەیە، بەڵام دەوڵەت خاوەنی حاکمیەتی سیاســیە ئینجا دەڵێت :

١ـ هەبوونی دەوڵەت و لە ئازادابوونی میللەت و ناساندنیان بە کەسانی یاســای نێو وڵاتان پێویستی بە دانپێدانانی دەوڵەتانی ترەوە نیە، چونکە وجـــوذی میللەت جودایە لە ئیرادەی هەر دەوڵەتێك لە خانەوادەی نێو وڵاتان .

٢ـ کەسێتی میللەت وەك دەوڵەت لە ڕێگای یاسای نێو وڵاتانەوە دەپارێزرێ .

٣ـ کەسێتی میللەت وەك کەسێتی دەوڵەتە سەبارەت بە هەموو مافە ناوەکی و دەرەکیە

هەمە جورەکان .

٤ـ خۆتێ هەڵقورتاندنی نێو کاروباری ناوخۆی میللەت یا ساغە وەك هی دەوڵەت . دکتۆر حکمت دڕێژە بە نوسینەکەیدا دەدا و دەڵێت :

میللەتی خەباتکەر لە پێناوی سەربەخۆیی چەند مافێکی گرینگی هەیە کە لە حاکمیەتی نەتەوەیی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ :

١ـ میللەت مافی تەعبیر کردنی ویستی خۆی هەیە بە هەر شێوەیەك بێت، لەو شێوانەش بەکارهێنانی هێزی چەکدارە دژی دەوڵەتی کۆلۆنیالی .

٢ـ میللەت مافی بەرگری شەرعیی یاسایی هەیە و دەتوانێت کۆمەك و یارمەتی لە دەولەت و میللەت و سازمانە نێو وولاتیەکان داوا بکات .

٣ـ میللەت مافی پەیوەندی بەستنی رەسمی هەیە لەگەڵ کەسانی یاسای نێو وولاتان .

٤ـ میللەت مافی بەشداری چالاکی رێکخراو و سازمانە نێو وولاتی و کۆنگرەکانی هەیە .

٥ـ میللەت مافی ئەوەی هەیە بەشداری بکات لە دارشتنی یاسای نێو وولاتان و راپەراندنی ئەو یاسایانە .

## بەرپرسی نێو وولاتان و سزاکانی

بەڵێنامەی میللەتە یەکگرتووەکان و رێککەوتنە نێو وولاتیەکان ئەرکی سەرشانی دەوڵەتانیان بە روونی دیارکردووە کە بە ( ئەرکی یاسایی دەوڵەتان ) نێو نراوە ، دەوڵەتان دەبێ بە گوێرەی ئەو ئەرکانە رەفتار بکەن ، بەتایبەت ئەو ئەرکانەی لە بەڵێننامەدا هاتوون ، گەربێتو ئەو دەوڵەتانە سەرپێچیان کرد و گوێ رایەڵی ئەو فرمانانە نەبوون ئەوا تووشی بەرپرسی نێو وولاتان دەبن .

نوسەرانی سەر بە بیری بۆرژوای رۆژاوا وای بۆ دەچن کە بەرپرسی نێو وولاتان هەر لە نێوان دەوڵەتاندا لە دایك دەبێ بەپێی ئەو باوەرەی کە تەنیا دەوڵەت بە کەسانی یاسای نێو وولاتان دادەنێن ، ئێمە بە توندی دژی ئەم رایە دەوەستین و بۆچوونمان بە یانگەوازی ماف و ئەرکی دەوڵەتان بەهێز دەکەین کە لە سالی ١٩٥٠ لیژنەی یاسای نێو وولاتانی سەر بە سازمانی میللەتان پێشکەشی کرد و کۆمەڵەی گشتیش بریاری لەسەر دا :

مادەی شەشەم :

(( پێویستە دەوڵەت بە شێوەیەکی وا رەفتار لەگەڵ کەسانی ژێر دەسەڵاتیدا بکات کە رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنچینەییەکانی پێ دابین ببێ ، بەبێ هەڵاوێردن لە نێوانیاندا بە هۆی رەگەز یان ئایین یان زمان )) .

ماددەی حەوتەم :

(( دەبێ دەوڵەت کار بکات کە وەزعی نێو هەرێمەکەی وا لێ نەکات هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتان بکات )) .

ئەمانە و سەرەرای ئەرکی دەوڵەتان سەبارەت بە ئیلتیزامیان بەو پرانسیپانەی کە یاسای گشتی نێو وڵاتان دیاری کردووە کە لەسەرووی هەموویان مافی چارەنووسدانانی گەلانە ، دوێنێ هەر رژێمێك لە هەر دەوڵەتێکدا بێت گەر بە پێچەوانەی ئەوانەی باسمان کرد رەفتاریان کرد خۆیان دەخەنە ژێر حوکمی بەرپرسی نێو وڵاتان و سزاکانی .

١ـ سزای سیاسی :

ئەم جۆرە سزایە شێوەیەکی مەعنەوی هەیە ، زیاتر خۆی لە رای گشتی جیهانی دەنوێنێ ، بە هۆی نارەزایی دەربڕین و سەرزەنشت کردنی ئەو دەوڵەتەی بە پێچەوانەی مەبەستەکانی یاسای نێو وڵاتان کاری کردووە ، ئەم سزایە توانیویەتی نەخشی خۆی دیاری بکات هەرچەندە دوژمنانی سەرسەختی مرۆڤایەتی ئەوەندە شەرمن نین ئەم سزایە کاریان تێ بکات .

٢ـ سزای ئابووری :

بریتیە لە بەکارخستنی دەستاوێزی ئابووریانە بۆ ناچار کردنی دەوڵەتان بۆ ئەوەی سەر بۆ مەبەستەکانی یاسای نێو وڵاتان دانەنوێنن ، ( پچڕانی پەیوەندە ئابوورییەکان ، گەمارۆدانی ئابووری ) دوو وێنەی سەرەکی ئەم سزایەن .

٣ـ سزای جەنایی :

تا ئەمڕۆش نەتوانراوە ئەم سزایە پیادە بکرێ ، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بڕیار بەرو بو یەکەم جار ( گلیۆمی دووەم ) ی ئیمپراتۆری ئەڵمانی بێتە بەردەمی دادگا بە تۆمەتی هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهان ، بەڵام ئەمە رووی نەدا ، بە هۆی ئەوەی کە هۆڵەندە رازی نەبوو بیداتە دەست .

٤ـ سزای یاسایی :

ئەم سزایە بریتیە لە پووچاندن و پووکانەوە و راگرتنی ئەو پەیمان و بەڵێنانەی کە دەوڵەتان مۆریان کردووە .

ئەمڕۆ گرینگترین سەرچاوەی یاسای نێو وڵاتان رێککەوتن و پەیمانە ، هەر پەیمانە پەیوەندی نێو وڵاتان رێك دەکات و بۆ چەند ئامانجێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە ، بێگومان بەپێی مەبدەئی حاکمیەت هەموو دەوڵەتێك مافی رێککەوتن گرێدانی هەیە لەگەڵ وڵاتانی تردا ، بەڵام ئەم مافەیان رەها نیە بەڵکە دەبێ پەیمان و رێککەوتنیان

بەپێی مەبەستەکانی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتنە نێو وڵاتیەکان بێت، بۆیە هەموو ئەو ڕێککەوتن و پەیماناتەی لەسەر حیسابی مافی چارەنووسدانانی گەلان گرێ دەدرێن لە نەزەر یاسای نێو وڵاتاندا پووچ و بێ کەلکن، پێویستە کۆمەڵەی گشتیش دژی ئەم جۆرە پەیمانانە بوەستێ و ڕێگە نەدات لە ئەمانەتە گشتیەکەیدا تۆمار بکرێن، مادەی (٥٣)ی ڕێککەوتنی (ڤییەننا) دەڵێت:

(( هەر پەیمانێك لە کاتی بەستنیدا دەگەڵ ڕیسایەکی فرمانی ڕێساکانی یاسای نێو وڵاتان ناتەبابێ، بە جۆرێکی ڕەها پووچە و کاری پێ ناکرێ )).

مافی چارەنووسدانانیش یەکێکە لە ڕیسا فرمانیەکانی (قاعدة آمرة) یاسای نێو وڵاتانی هاوچەرخ، مەبەست لە ڕێسای فرمانیش ئەو ڕیسایەیە کە نابێ ڕێککەوتن لە پێچەوانەیدا گرێبدرێت چونکە پەیوەندی بە سیستەمی گشتیەوە هەیە، واتە ئەو ڕێسایەیە کە ڕێککەوتن لە دژیدا بێ بایەخ دەبێت.

نووسەرانی سەر بە بەرەی سۆشیالیزم هەڵوێستیان لە ئاست ڕێسا فرمانیەکان جودایە لەگەڵ نووسەرانی سەر بە بەرەی سەرمایەداری، نووسەرانی سەر بە بەرەی سۆشیالیزم و لە سەروویانەوە نووسەرانی سۆڤیەت سەبارەت بە گرینگی و ناوەرۆکی ئەم ڕێسایانە هەڵوێستیان یەکە: ئەم نووسەرانە ڕێسا فرمانیەکان بە پایەی سیستەمی یاسای نێو وڵاتان دادەنێن کە بریتین لە:

مەبدەئی ڕێزگرتنی حاکمیەت، چارەنووسدانان، مەبدەئی دەست تێنەوەردانی کاروباری یەکدی، بەکارنەبردنی هێز و چارەکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەکان و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ، چەکردن و ... هتد.

ماموستای سۆڤیەتی (ئەلکسیدزە) ڕێسا فرمانیەکانی بە شەش مەبدەء دیاری کردووە کە گرینگترینیان مەبدەئی مافی چارەنووسدانانە.

بەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، هەر پەیمان و ناکارێکی یاسایی مافی چارەنوسدانان پێشێل بکات، لە نەزەری یاسادا بایەخی نیە و کاری پێ ناکرێت.

## کێشەی گەلانی چەوساوە دەگەڵ داگیرکەران کێشەیەکی نێودەوڵەتیە

یەکێك لە دیاردەکانی سەدەی بیستەمان تاو سەندنی خەباتی گەلانی زۆرلێکراوە دژی دەسەڵاتی بێگانە و لە پێناوی ڕزگارکردنی نیشتمان و سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری گەلانی ژێر دەست، هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە گەلان دەستیان کرد، ڕاپەڕینی چەکدارانە و شۆڕش کردن تا وای لێهات شۆڕشی گەلان

هەموو جیهانی گرتەوە و سەرانسەری گۆی زەوی هەژاند و کاری کردە سەر ئاشتیی زیانی بەرەی مرۆڤ و داوارۆژی مرۆڤایەتی ، ئیدی بواری ئەوە نەما ئەم دیاردە بەرجەستەیە بشاردرێتەوە و حیسابی بۆ نەکرێت چونکە بووە کێشەیەکی وەها ملیۆنەها بنیادەمی سەر رووی زەمینی گرتەوە ، شەڕی رزگاریخوازانەی گەلانی مافخوراویش رەنجڕۆیە بەرەی سەند پیاوانی یاسا و سیاسەتی ناچارکرد بایەخ بەم رووالەتە نوێیە بدەن ( رووالەتی شەڕی رزگاری نیشتمانی گەلان ) .

نووسەرانی سەر بە ئورد وگای بۆرژوا کێشەی گەلانی چەوساوە و شەڕی رزگاری نیشتمانی ، لەوان بە کێشەیەکی نێو وولاتان حسێب ناکەن و دەڵێن هەر تەنها دەولەتان لایەنی کێشەی چەکدارانەی نێو وولاتانن ، بۆیە کێشەی گەلانی ژێردەست بە کێشەی ناوخۆیی دادەنێن کە دەکەوێتە بەرزەبری یاسا شۆڤێنیەکانی ئەو وولاتە ، لە سەردەمی شۆڕشی گەلی جەزایری قارەمان هەندێ لە نووسەرانی یاسای فەرەنسی دەیانگووت شەڕی جەزایر یاخی بوونێکی ناوخۆییە و تەنیا پەیوەندی بە یاسای سزاکانی فەرەنسیەوە هەیە ، واتە بەپێی بۆچوونی رۆژاوای سەرمایەدار شەڕی رزگاری نیشتمانی گەلان وەزعێکی ناوخۆییە و ناکەوێتە بەر حوکمی یاسای نێو وولاتان .

بەڵام نووسەری سەر بە ئوردوگای بیری پێشکەوتووخوازی مرۆڤایەتی لەو باوەرەدان کە شەڕی رزگاری نیشتمانی گەلان کێشەیەکی چەکدارانەی نێو وولاتیە چونکە گەلان بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و خاک و زەوی باپیرانیان دەستیان داوەتە چەك ، داکۆکی کردنی گەلان لە مافی سروشتی خۆیان دیفاعێکی شەرعییە و بەرهنگاربوونەوەی داگیرکەرانیش ئەرکی ئەو گەلانە خۆیانە ، گەلانی مافخوراو نەیتوانیوە هەڵپەی هێرش بردنە سەر وولاتانی تر بکەن بەڵکە هەمیشە لە حاڵەتی بەرگریدا داکۆکی کردن بووینە ، بەرگری کردن لە مەوجودیەت هەموو بەڵێننامە و پەیمان و رێککەوتنەکانی جیهان بەراستی دەزانن .

لە شوێنێکی تری ئەم لێکۆڵینەوە باسمان کرد کە گەلان بە کەسانی یاسای نێو وولاتان دادەنرێن لەمەوە ئەنجام وەردەگرین کە گەلانی خەباتگێر لە هەر کێشەیەکدا بن لەگەڵ دەولەتە داگیرکەرەکان ئەوکێشەیە بە کێشەیەکی چەکدارانەی نێو وولاتان دادەنرێ ، چونکە هەردوو لایەنی شەڕەکە ( دەولەتی داگیرکەر و گەلی تێکۆشەری چەوساوە ) کەسانی یاسای نێو وولاتانن ، رێککەوتنامەکەی ( جنێف ـ ١٩٤٩ ) دەڵێت :

(( ئەو بارانەی دەست نیشانمان کردن بریتین لەو کێشە چەکدارانەیەی گەلان لە پێناوی دابینکردنی مافی چارەنووسدانانیان بە هۆیەوە خەبات دەکەن دژی

١٨٤٠ ای ئەڵمانیای کرد و هەروەها پشتیوانی خۆشی بۆ بسمارکیەکانی ئەڵمانیـــا دژی فەرەنسە دەربڕی لە ساڵی ١٨٧٠ ٠

مارکس لە ساڵی ١٨٤٨ سەبارەت بە مەسەلەی گەلی ئیرلەندا و سەربەخۆیـــی ئیرلەندا هەڵوێستی نارەزایی دەربڕی ، دژی جیابوونەوەی ئیرلەندا وەستا و لـــەو باوەڕەدا بوو کە بزووتنەوەی نەتەوەیی ناتوانێت هۆی رزگاربوونی ئیرلەندا بێت بەڵکـــو بزووتنەوەی کرێکارانی میللەتی دەسەڵاتدار دەمانگەیەنێتە ئەم مەبەستە ، مارکـــس نووسیویەتی و دەڵێت : (( ماوەیەکی زۆر بوو باوەڕم وابوو کە سەرنگون کردنی رژێمـــی ئێستای ئیرلەندی بە هۆی سەرکەوتنەکانی چینی کرێکاری ئینگلستانەوە دەبێـــت ٠ وە هەمیشە داکۆکیم لەم رایە دەکرد لە ( نیویۆرک تریبیون ) ٠ بەڵام دوای ئـــەوەی لە توێژینەوەی کێشەکە قووڵ بوومەوە قەناعەتم ئاوەژوو بوو )) ٠

واتە مارکس لە بەرایی‌دا وای بۆ دەچوو کە رووخاندنی رژێمی ئیرلەنـــــدی و دانانی مافی چارەنووسی گەلی ئیرلەند ، بە هۆی خەباتی کرێکارانی ئینگلستانـــەوە دەبێت دژی ئەو رژێمە بۆیە جیابوونەوەی ئیرلەند ، واتە لێکدابڕاندنی پرۆلیتاریـای هەردوو وڵات ، و لاوازکردنی بزووتنەوەی کرێکاران کە ئەمەش بێگومان لە بەرژەوەندی پرۆلیتاریای هەردوو وڵات نیە ٠

مارکس دەگەڕێتەوە و دەڵێت (( چینی کرێکاری ئینگلیز ناتوانێت شتێ دروســت بکات ئەگەر لە ئیرلەندا نەجاتی نەبێت ٠٠٠ چونکە کۆنەپاری ئینگلیزی لـــە ئینگلتەرا هێزی خۆی لە کۆیلە کردنی ئیرلەندەوە وەردەگرێ )) ٠ کە کرێکـــارانی ئینگلستان نەتوانن هیچ شتێ پێشکەش بکەن ئەگەر هاتوو لە ئیرلەندەدا نەجاتیـان نەبێت ، ئەوسا سەربەخۆیی ئیرلەندە مەسەلەیەکی مەعقول و مەنتقی دەبێ چونکـــە (( زووف وای هێنا کە چینی کرێکاری ئینگلیز بکەوێتە ژێر کاریگەری ( الأحرار ) بـــۆ ماوەیەکی زۆر و تا دواییش بە دوایاندا بکشێ و سیاسەتێکی کرێکارانەی وا هێزیـان ئیفلیج بکات کە ( ئەحرارەکان ) بە سەریدا زاڵ بن )) ٠

کەواتە مارکس لە سەرەتادا باوەڕی وابوو کە بزووتنەوەی کرێکاران و ململانێـــی چینایەتی زامنی رزگاری ئیرلەندەن ، بەڵام ئەمە رووی نەدا و مارکسیش هاتە ســـەر ئەو رەئیەی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی ئیرلەندە خۆی زامنی ئەو کارەیە بۆیە لە ١٨٦٧ پشتگیری خۆی لە سەربەخۆیی ئیرلەندە راگەیاند ٠

بێگومان ئەم باری سەرنجەی مارکس مانای هەڵوێستی هەڵپەرستانە نیە بەڵکـــە شیکردنەوەیەکی دیاریکراوە بۆ بارێکی دیاریکراو ، دیارە کە هەر مەسەلەیەک هەلـو مەرجی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە ، شیکردنەوەی مەسەلەکە دەبێ لەگەڵ ئەو بـــارو

وەزعی یاسایی یەخسیرانی شەر

ئەمانەی خوارەوە بە یەخسیرانی شەڕ دادەنرێن :

ب ــ ئەندامانی سازمانە رزگاریخوازە نیشتمانییەکان ، کە لە نەبەردی چەکدارانە دان بۆ دابین کردنی مافی چارەنووسداناني گەلەکانیان بەپێی بەڵێننامەی میللەتە یەکگرتووەکان و مەبدەئەکانی یاسای نێو وولاتانی تایبەت بە پێوەندی تەبایـــــی و هاوکاری لە نێوان وولاتاندا .

★★★

١٧/ئازار/ ١٩٧٥
CDDH/III/253

هەموو جەنگاوەران لە کێشەی چەکدارانەی گەلان دژی دەسەڵاتی ئیستیعماری و داگیرکردنی بێگانە و رژێمە رەگەز پەرستەکان لە پێناوی مافی چارەنووسدانانیـــان سیفەتی دیلی شەڕیان دەدرێتی گەر هاتوو یەخسیرکران و بە دڕێژایی مـــــاوەی گرتنیشیـــــان .

کەواتە یەخسیرانی شەڕی رزگاری نیشتمانی بە دیلی شەڕ دادەنرێن کوشتـــن و ئازاردانیان یاساغە و نابێ لە بەردەم دادگادا لێپرسینەوەیان بۆ ساز بکرێ .

لە هەموو ئەوانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کێشەی گەلانی خەباتکەر دژی بێگانە و داگیرکەران کێشەیەکی چەکدارانەی نێو وولاتیە لەوەشدا ئەنجام وەردەگرین :

١ ــ شۆڕشگێرانی شەڕی نیشتمانی تاوانبار نین ، بەڵکە کردەوەی تۆڵانـــــدن و چەوساندنەوەی جینایەتی و نەتەوایەتی و داگیرکردن و داپلۆسین بوونەتە هاندەری ئەوان بۆ ئەوەی دژی داگیرکردن و چەوسانەوە بووەستن و راپەڕینی چەکدارانــــــە ئامادە بکەن ، رێککەوتنامەی جنێڤ چەند مەرجێکی دیاری کردووە کە دەبێ لـــــــە کەسانی بزووتنەوەی بەرگریدا هەبێت تا سیفەتی جەنگاوەریان بدرێتێ ، مـــــاددەی چوارەم ــ أ ــ ٢ ــ لە رێککەوتنامەی جنێڤ مەرجەکانی ژماردووە و دەڵێ :

أ ــ دەبێ جەنگاوەران لەژێر سەرکردایەتی لێپرسراوێك بن بەرپرسیاری کەسانــی ژێرەوەی خۆی بێت .

ب ــ دەبێ نیشانەیەکی جیاکەرەوەیان هەبێت ، لە دوورەوە بناسرێت .

ج ــ دەبێ چەك بە شێوەیەکی ئاشکرا هەڵگرن .

د ــ دەبێ کردەوە و چالاکیەکانیان بەپێی یاسا و دابەکانی شەڕ بێت .

ئەم مەرجانە رەخنەیان لێ گیراوە ، سەبارەت بە برگەی ( ب ) گوتراوە کە هەموونی

نیشانەی جیاکەرەوەیە ، رەخنەگران دەڵێن نیشانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە جەنگاوەران ببنە ئامانجێکی ئاسانی دوژمن و زوو پێکاندنیان ، لەلایەکی دیکەوە زۆربەی چالاکی شۆڕشگێڕان شەوانەیە و شەوانیش دیارە ئەم نیشانانە هەبوون و نەبوونیان بێ کەڵکە .

هەرچی سەبارەت بە بڕگەی (جـ) ، ئەم مەرجە نایەتەدی گەربێتوو شۆڕشگێڕان نارنجۆك و دەمانچەی شاراوەیان لەلا بێت و بیانەوێ بە چالاکی شۆڕشگێڕانە هەڵسن .

٢ـ دیل و بەخسیرانی شەڕی ڕزگاری نیشتمانی بە دیلی شەڕ دادەنرێن :

کە بزووتنەوەی شۆڕشی نیشتمانی و دیموکراسی ، مەرجە یاساییەکانی تێدابێت دیارە دەبێ دیلەکانیان بە دیلی شەڕ حسێب بکرێن و وەك هەموو بەخسیرانی‌تر ڕێزیان بگیرێت و نەکەونە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری دوژمن ، لە شوێنێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەمان بڕیارەکانی کۆنگرەی دیپلۆماسیمان سەبارەت بە دیل و بەخسیرانی شەڕ باسکرد چونکە مەبەست لە بەندکردنی بەخسیران ئەوەیە کە نەتوانن بەردەوام بن لە شەڕکردن لە ڕیزی دوژمن ، نابێ مەبەست سزادان و تۆڵەسەندنەوە بێت لێیان .

٣ـ ڕێزگرتنی بریندار و نەخۆشەکانی شەڕی ڕزگاری نیشتمانی پێویستە :

دەبێ بریندار و نەخۆش و کوژراوەکانی شەڕ جێگەی ڕێزگرتنێکی تایبەتی بن ، بریندار و نەخۆشەکان دەبێ ببرێنە نەخۆشخانەکان بۆ چارەکردن و تیمارکردن و چاوەدێریکردنیان ، کوژراوەکانیش نابێ سووکایەتی بە لاشەکانیان بکرێت و پارە و شتومەکیان بە تالان بچێت .

٤ـ پیادەکردنی یاسای جەنگ؛

جەنگی نێوان بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی و داگیرکەران جەنگێکە بەمانا واقیعیەکەی ، تێك هەڵبڕژان و لێدانی دوژمن و چالاکی چەکدارانەی ڕۆژانە مانای لە ئارادا بوونی جەنگە ، دیارە لە حاڵەتی جەنگیش یاسای نێو وڵاتانی سەردەمی شەڕ پیادە دەکرێت کە پێی دەڵێن یاسای جەنگ .

٥ ـ دەوڵەتی داگیرکەر توشی بەرپرسیاریی نێو وڵاتان دەبێت :ـ

کە دەوڵەتی داگیرکەر پێ لە نیشتمانی میللەتێك دادەچەقێنێ لە ڕاستیدا دەست درێژی دەکاتە سەر مافی چارەنووسدانانی ئەو میللەتە سەربەخۆی و ئازادی ئەو وڵاتە ، بێگومان لەشکری داگیرکەر دەوام و دەزگای داپلۆسینەری ڕژێم وەها دەکەونە گیانی گەلی ژێر دەست کە هیچ داب و یاسایەکی مرۆڤ پێی قایل نابێت ، بۆیە دەوڵەتی داگیرکەری خاکی گەلانی چەوساوە لەبەردەم یاسای نێو

وولاتانەدا تونی بەرپرسی نەبێت .

٤ ـ شۆڕشگێڕان سەبارەت بە چالاکیەکانیان سزا نادرێن :ـ

لە هەموو ئەوانەی باسمان کردن بۆمان دەردەکەوێت کە کێشەی گەلانی مافخوراو دژی سەرۆبول کێشەیەکی نێو وولاتیە . بە پێی چەمکی سۆڤیەتی شەڕی رزگاریخوازی نیشتمانی هەر تەنیا شەڕی دژ بە کۆلۆنیالیمت و لە پیناوی مافی چارەنووس دانسان نیە ، بەلکە هەموو ئەو شەڕانەش دەگرێتەوە کە دژی دەسەلاتی بێگانەو دەست درێژی یانین ، بەلکە لە گۆشەیەکی دیاری کراودا شەڕی چینەکانە ئەو شەڕەی پرۆلیتاریا سەرکردایەتی دەکات دژی دوژمنە چینایەتی یەکانی ، بەمەدا شەڕی رزگاریخوازی نیشتمانی و شەڕی عادیلانەیان شەڕی پێشکەوتووخواز هاوجوت دەبن .

## مەشروعیەتی خەباتی گەلانی چەوساوە

لە سەردەمێك دا ئیمپریالیزمی جیهانی دەیەوێت باڵی شومی دەسەلاتی چەوسێنەرانەی خۆی بەسەر هەموو زەوی دا بکێشێت . لە سەردەمێکدا . داگیرکەرانو ئیستیعماری خۆراوا دەیانەوێ سامان و دەرامەتی گەلان بە تالان ببەن و مێژووی رەوتی خەباتی چەوساوەکان بشێوێنن . لە سەردەمێکدا ئیمپریالیزم و نۆکەرانی هەوڵ دەدەن بڵێسەی تیکوشانی گەلانی مافخوراو خامۆش بکەن و بە دواکەوتوویی و کویلەیی بیان هێلنەوەو نیشتمانیان بکەنە بازاری گەرمی کەل و پەلی سەرمایەداری و سەرچاوەی کەرەستە سەرەتایی یەکانی سەنعەت و پیشەسازی کارخانەکانی سەرمایەداری خۆراوا . لە کاتێکا داگیرکەران هەموو شێوازی داپلۆسین وتۆقاندن دژی خەباتی چەوساوەکان بەکاردەهێنن . ئەوەتە لە سەدەی بیستەمی رۆژگاری راپەرینی گەلانی زۆرلێکراو (٣٠٠) ملیۆن مرۆڤ لەژێر چەوساندنەوەو داگیرکردنان لە (٣٨) هەرێم کەتا ئێستا مافی ئۆتۆنۆمیشیان نەدراوەتێ . لەژێر ئەم بارە قورسەی ژیانی گەلانی مافخوراو . خەلکی خاکە داگیرکراوەکان گەر مافی شۆڕش هەلگیرساندنیان نەبێ ، گەر ئەرکی شۆڕش کردنیان لە شان نەبێت ، دەبێ مل بدەن بە چەوساندنەوە و کۆیلەیی قایل بن ، چ میللەتێکی سەر رووی زەمین هەیە بەم بارە قورسە رازی بێت ؟ بۆیێ هەر دەبوا گەلان بەرگری لە خۆیان بکەن و لە پێناوی رزگارکردنی خاك و مرۆڤیان خەبات بکەن و دەست بدەنە چەك و بە کردەوەی شۆڕشگێڕانە و چالاکی چەکداری و سیاسی وەڵامی داگیرکەران بدەنەوە .

کە داگیرکەران بە ئاگرو ئاسن رەفتار دەگەڵ گەلان بکەن دیارە دەبێ گەلانی زۆرلێکراوی جیهانیش مافی شەرعی ئەوەیان هەبێت بەرگری لە خۆیان و سەرزەمینی

خۆیان بکەن .

ئەوەی جێگەی لێدوانە تا ئەم دوایيانەی سەدەی بیستەمیش خەباتی گەلانی چەوساوە بە شەرعیەت نەدەناسرا ، بەلام بە هۆی هەول و کۆششی کۆمەلێ نێر وولاتان و بە پالپشتیٔ هێزە خێرخوازەکانی سەر بەبیری سۆشیالیستی و وولاتانی جیهانی سێ یەم . کۆمەلەی دەولەتان و ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ناچاربوون دان بە مەشروعیەتی خەباتی گەلان بنێن ، ئەوەبوو کۆمەلەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە دیسەمبەری سالێ ١٩٦٠ گوزارشی دا کە خەباتی گەلانی چەوساوە لە پێناوی رزگاری نیشتمانی بە خەباتێکی مەشروع دادەنرێ ، هەروەها ئەو بریارە داوای لە دەولەتان کرد کە دەسەلاتی سیاسی بۆ گەلانی هەرێمە داگیرکراوەکان مسۆگەر بکەن ، هەروەها ئەم بریارە ئیستیعماری بە هەموو شێوەکانیەوە مەحکوم کرد ، لێژنەیەکی تایبەتی (١٧) کەسی بۆ مەبەستی پیادەکردنی ئەم بریارە پیك هێنا ئەمەش برگەیەکی بریاری ژمارە (١٥١٤) ی سالی (١٩٦٠) ـە :ـ

2- "All peoples have the rights to self-deter mination by virtue of that right the freedy deter mine their political status and freely pur sue their Economic, social and cultural develop ment".

دیسان کۆمەلەی گشتی میللەتە یەکگرتوەکان لە دەورەی (٢٦) مینی خۆی لە سالێ (١٩٧١) بریارنامەی ژمارە (٢٧٨٧) ی دەرکرد لەم بریارەدا کۆمەلە دانی ناوە بە (( مەشروعیەتی خەباتی گەلان لە پێناوی مافی چارەنووس و رزگاربوون لە دەسەلاتی بێگانە و ئیستیعمار و زەبری بێگانە )) .

کۆمەلەی گشتی بەمەوە نەوەستا دیسان لە سالی (١٩٧٣) بریاری ژمارە (٣٠٧٠) ی دەرکرد ، ئەو بریارە بریتی بوو لە :ـ

آ ـ بەستنەوەی چەمکی ئازادی و سەربەخۆیی بە چەمکی چارەنووس دانان .

ب ـ سووربوون لە سەر بە شەرعی دانانی خەبات لە پێناوی رزگاری بە هەموو شێوازێك لەوانیش خەباتی چەکدارانە .

ج ـ داواکردن لە هەموو وولاتان بۆ پێشکەشی یارمەتی و کۆمەکی کردنی ئەم خەباتە .

د ـ مەحکوم کردنی هەموو ئەو حکومەتانەی دان بە مافی چارەنووس و سەربەخۆیی دانانێن .

هەروەها ڕێکەوتنی جنێف (١٩٤٩) دانیشتوانی هەرێمە داگیرکراوەکان ناچار ناکات سەر بۆ دەولەتی داگیرکەر شۆڕ بکەن ، بۆیە دانیشتوانی ناوچە داگیرکراوەکان مافی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانەیان هەیە بە مەرجێك کردە بەرەنگاریەکان بە هۆی ڕێکخراوی سیاسی و سەربازی یەوە بێت ، ئەم ڕێك کەوتنە شۆڕش و بە گژداچوونەوە بە باخی بوون دادەنێ لە دژی واقیعی داگیرکردن و دەست بە سەرداگرتن و ناشەرعیەتی داگیرکردن .

دیارە ڕازی نەبوون و تووڕەیی دانیشتوانی خەلکی نیشتمانی داگیرکراو وایان لێدەکات دەست بکەن بە خۆسازدان و کۆکردنەوەی هێزەکانی خۆیان و پەنابردنە بەر چەك لە پێناوی بەرگری لە خۆکردن و پاراستنی گیات و مالّ و سامانیان ،چونکە داگیرکەران لە هەموو شوێنێك سەلماندیان بە زەبری هێزی چەکدار نەبێت دەست هەلناگرن . بۆیە حالەتی داگیرکەران حالەتێکی وەختی و ناشەرعی یە ، دەسەلاتیشیان دەسەلاتێکی نیمچە واقیعی یە ، هەرچی دەسەلاتی گەلانی خاك داگیرکراوە دەسەلاتی شەرعی یە و خەباتیشیان بۆ پتەوکردنی ئەم دەسەلاتە خەباتێکی یاسایی و شەرعی یە .

لەوانەش زیاتر لایەنێکی فیقهـ (الفقه) لەو باوەڕەدایە کە :ـ

بەگژا چونەوەی دەسەلاتی داگیرکەر لەلایەن کۆمەلانی خەلکەوە ، بەگژداچوونەوەیەکی ماقول و مەشروعە . نەك هەر ئەمە بەلکە ئەم لایەنە داوادەکات کە یاساکانی جەنگ و ڕێسا مرۆیی یەکانی تایبەت بە سوك کردنەوەی کوێرەوەری یەکانی شەڕ تەنیا بۆ بەرژەوەندی هێزەکانی بەرگری خەلك پیادە بکرێت ، نەك بۆ کەسانی هێزە لەشکری یەکانی دەسەلاتی داگیرکەر ، چونکە وجودی ئەوان لە هەرێمی داگیرکراو وجودێکی ناشەرعیانەیە . هەر ئەم وجودە ناشەرعیەشی بوەتە پالپشتی هێرش بردنە سەر گەلان ، بە پێچەوانەی یاسای نێو وولاتان کە ئەم جۆرە شەڕانەی یاساغ کردووە کە لە پێناوی دەسکەوتی یاسایی و ناوچەیی دەتەقنەوە . لە کاتێکا کۆمەلانی خەلك ئازادن بە هەر شێوەیەك بۆیان دەسوری بەرگری لە خۆیان بکەن و دژی داگیرکەران ڕاپەڕن . ئاشکراشە بەرگری لە خۆکردن مافێکە هەموو بەلێننامەو یاساو ڕێك کەوتنە نێو ولاتی و ناوخۆیی یەکان ڕشتن لە سەری . چونکە مافی بەرگری لە خۆکردن

لە ئەنگیزەی ژیان خۆش ویستن و مافی هەبوون و مانەوە لە دایك دەبێ ، كە بەشێكە لە شێوازی ژیانی گەلان .

واتە (( تا گەل بە داگیركردنی سەربازی قایل نەبێ و ئارەزوو و ئیرادەی خۆی بە هەر شێوەیەك دەربڕێ بۆ گەڕاندنەوەی ئازادی خۆی حاكمیەتی ئەو گەلە ـــ هەرچەند برینداروكۆتبەند بێ و پەنا بۆ هەندەران ببات ـــ لە لایەنی یاساییەوە هەر بەردەوامە )) ، كەواتە تا میللەت مل نەدا و دەست لە خەبات هەڵنەگرێت ، وجودی دەسەڵاتی داگیركەر هەر بە ناشەرعی دەمێنێتەوە ، هەر كاتێكیش گەلی خاك داگیركراو وازی لە خەبات هێنا و بەتەمای رۆژی هەڵاتنی خۆری ئازادی نەبوو ئەوا دەسەڵاتی داگیركەر دەبێتە دەسەڵاتێكی فیعلی و یاسایی ، چونكە خۆكركردن و مات بوونی كۆمەڵانی خەڵكی خاك داگیركراو هەروەك دەڵێن نیشانەی رەزامەندیە .

بەر لەوەی كۆتایی بە باسەكەمان بێنین دەمانەوێ خاڵێكی گرینگ روون بكەینەوە كە بریتیە لە دان نان بە رێكخراوە رزگاریخوازەكان وەك نوێنەرێكی شەرعی خەباتی گەلانی زۆرلێكراو ، مەبەستمان لە بەرەسمی ناسانی رێكخراوو و سازمانە ئازادیخوازەكانی نیشتمانیە لە كۆنگرەو پەیمانە نێو وڵاتیەكان ، واتە ئەم رێكخراوانە بێنە خاوەنی حاكمیەتێكی ئەوتۆ بتوانن لە جیاتی ئەو گەلانە لە كۆڕ و پەیوەندی بە نێو وڵاتیەكانی پێوەندیدار بەوان رەفتار بكەن ، لەم روەوە كۆمەڵی نێو وڵاتان و هێزە ئازادیخوازەكانی جیهان چەند هەنگاوێكی بایەخداریان هەڵگرتووە ، بۆ نمونە كۆنگرەی وڵاتە بێ لایەنەكان لە قاهیرە ساڵی (١٩٦٤) بڕیاریدا كە دەزگاكانی رزگاری نیشتمانی تاكە نوێنەری راستەقینەی بەرژەوەندی گەلانی زۆرلێكراون ، بۆیە دەبێ دەوڵەتە ئیستیعماریەكان راستەوخۆ دەگەل سەركردەكانی ئەم دەزگایانە بكەونە گفتوگو . هەروەها دەوڵەتە سۆشیالیست و زۆربەی دەوڵەتە بێ لایەنەكان دانیان ناوە بە دەزگاكانی بەرەنگاری نیشتمانی وەك (( بەرەی رزگاریخوازی جەزایر ، بەرەی خەباتی نیشتمانی ڤێتنام ، بزوتنەوەی میللی رزگاركردنی ئەنگۆلا ، ئەنجومەنی رزگاری موزەمبیق ، دەستەی نیشتمانی رزگاركردنی كۆنغۆ ، ئەنجومەنی شۆرشگێڕی رزگاركردنی عومان و رێكخراوی رزگاری بەخشی فەلەستین كە بوە ئەندامی چاودێر لە میللەتە یەكگرتوەكان )) .

هەروەها لە كۆنگرەی یاسای نێو وڵاتانی مرۆیی ، نوێنەری چەند بزوتنەوەیەكی ئازادیخواز لە (١٩٧٤ ـــ ١٩٧٧) بەشداریان كرد لەوانەش :ـــ

(( بەرەی رزگاری موزەمبیق ، كۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی ، بزوتنەوەی میللی رزگاركردنی ئەنگۆلا ، سازمانی رزگاری بەخشی فەلەستین )) .

ئیستاش ئەم سازمان و دەزگا رزگاریخوازانە لە زوربەی کۆنگرەو کۆڕی نێو وولاتی بە سیفەتی نوێنەرایەتی کردنی گەلانی خۆیان بەشداری دەکەن و پێوەندی نیمچە دیبلۆماسی یان لەگەل زۆربەی وولاتە سۆشیالیستەکان هەیە ، بەم دوایی یەش یەکێتی سۆفیەت هەنگاوێکی جوامێرانەی نا بەوەی کە مەکتەبی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی لە مۆسکۆ کەیاندە رێکاری بالوێزخانە •

# فەرهەنگۆك

تیئۆ : تیۆر ، نظریە ، Theory

دەستاوێز : وسیلة ، دەستاوێز

مەوجودیەت : کیان ، قەوارە ، موجودیّت

سەرپێچی : مخالفة ، عصیان ، مخالفت ، Contravention

ڕێسا فرمانیەکان : القواعد الآمرة

سیستەم : نظام ، system

ڕژێم : رژیم ، نظام سیاسي او اقتصادي ، Regime

کێشەی نێو وولاتان : کێشەی نێو دەوڵەتی نزاع دولي er national disputes

خانەوادەی نێو وولاتان : الأسرة الدولیة

پەیمانامە : میثاق ، اساسنامە

بەڵگەنامە : وثیقة

ڕشتی : سووربون ، حرص

چەمك : گوزارە ، مفهوم ، Concept

چلورەکردن : تبلور

پرانسیپل : مەبدەء ، مبدأ ، principle

شەقڵ : طابع ، مورك

یاساغ : یاساغکردن ، تحریم

پێداویست : متطلبات

مافی چارەنووس دانان : یان مافی دانانی چارەنوس ، یان مافی بڕینەوەی چارەنووس ، یان مافی دیاری کردنی چارەنووس حق تقریر المصیر :

Self-deter mination

پراکتیك : تطبیق ، پیادەکردن ، practic

یاسای کلاسیی نێو وولاتان : القانون الدولي التقلیدي

قەڵەمڕەو : ممتلکات ، قلمرو

مەحکوم کردن : ادانة

داپڵۆسین : قمع

مل دان : خضوع

هاوجوت : تطابق

نازیزم : نازیەت ، النازیة ، Nazism
ئەیدۆلۆژیەتی حزبی ناسینال سوشیالیستی ئەلمانیە ، ئەیدولوژیەتێکی رەگەز پەرستانەی خوێڕیە ، گەلی ئەلمانیا بە بلاترین بنیادەم و خوێن پاك ترینی بەرەی مرۆڤ دەژمێری ، هەموو گەلانی دیکەش بە سووك و چروك لە قەلەم دەدا ، لە سیاسەتیشدا نازیەت دڕندانەترین شێوەی دیكتاتۆریەت و تاكرەویە ، هەموو كاروباری ئابووری و كۆمەلایەتی بە پێی بۆچونی نازیزم لە دەست پێشەوایەك دایە كە بەرپرسیار نیە لە هیچ رەفتارێكی ·

دەرەبەگایەتی : فئودالیست ، الاقطاعية ، Feudalist
رژێمێکی ئابوری كۆمەلایەتیە بە پلەی یەكەم پشت بەزەوی و زاری كشتوكالیەوە دەبەستێت ، دەرەبەگ و بەگزادەكان خاوەنی هەرە زۆری دەستاوێژەكانی بەرهەم هێنانن ، جوتیارانیش لە سنورێكی كەمدا پارچە زەوی یەكیان هەیە ، ئەم رژێمە دوای دارزانی رژێمی كۆیلەتی سەری هەلدا لە ئەنجامی چاكردنی ئاسن و بەكار هێنانی هەوجار ( گاسن) و پەرەسەندنی كشتوكاڵ و ئاودێری و بیستانكاری دروست كردنی ئامێری پیویست بۆ كشتاری ·
زۆرانێی چینایەتی لە نێوان دەرەبەگ و جوتیاران لەم قۆناغەی كۆمەڵ لە بەرەو دایە ، جووتیاری بێ بەری لە هەموو مافێك و دیكتاتۆریەتی موتلەق دەبەستێ و ئایدۆلۆژیەتی ئاینی بەسەر ژیانی رۆحی خەلكی كۆمەلگەكەدا زاڵ دەبێ ·

كلكایەتی : پاشكۆیەتی ، تبعیة

تێكست : نصی ، Text

پاسارێژی : تشریع ، قانونگذاری Legislation
كردەیەكە دەسەلاتی پاسارێژی لە دەولەتدا پێی هەلدەستێ بریتیە لە ئامادەكردن و گەلالەی پرۆژەی پاسادانان ، بە پێی پێویستیە ئابوری و فەرهەنگی و كۆمەلایەتیەكانی كۆمەڵ ·

حاكمیەت : السیادة ، حاكمیت
چەمكی حاكمیەت هاورێ لەگەڵ شۆڕشی بۆرژوا و پایە دارزینی دەرەبەگایەتی لە سەدەی شازدەدا سەری هەلدا ، بۆرژوا بۆ سەپاندنی دەسەلاتی نالەباری خۆی و بۆ شاردنەوەی مەبەستە گلاوەكانی پشتی بەم چەمكی حاكمیەتە بەست ·
حاكمیەت دوو لایەنی هەیە :—

لایەنی ناوەکی :ــ بریتیە لە دەسەلاتی بەرگوشادی کۆمەڵ بۆ دەرکردنی یاسا و بیادەکردنی و دیاریکردنی شێوە حوکمی میللی و هەڵبژاردنی ئازادانەی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی .

لایەنی دەرەکی ــ بریتیە لە ئازادی پێوەندی بەستن لەگەڵ وولات و سازمانە دەرەکی و بیانی یەکان و پێوەندی ئالوگۆری بازرگانی و فەرهەنگی . بۆ ئەوەی لە سیاسەتی هەندەران دا بکەوێتە ژێر رکێفی ئەم و ئەو .

مەگنەکارتا : بەڵێنی گەورە : العهد الأعظم

بەلگەنامەیەکی دەستووری ئینگلیزی بوو شا ( جەونی دووەم ) سالی ١٢١٥ بلاوی کردەوە . لە ژێر تەوژمی داواکاری یەکانی دەرەبەگان و کلێسە ، هەرچەند بەلگەنامەکە بۆ تێرکردنی مەبەستی دەرەبەگ و پیاوانی ئایین بوو و داخوازی یەچینایەتی یەکانی ئەوانی وەخۆ گرتبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا چەند مافێکی بنچینەیی مرۆڤیشی تیادابوو .

ژێرخان : زیربنا ، البناء التحتي ، القاعدة ، *Basis*

ژێرخان سەرلەبەری پێوەندی یەکانی بەرهەمهێنانە ، کە ساختومانی ئابووری کۆمەڵ پێك دەهێنێ .

چواردە مەبەستەکەی ویلسون :

چواردە خاڵ بوو ویلسون لە ووتارێکدا لە ساڵی ١٩١٨ بلاوی کردەوە بووە بناغەی سیاسەتی ئەمریکی سەبارەت بە دوایی پێهێنانی شەڕ و مەسەلەی گەلانی ژێر دەست و دابەشکردنی وولاتیان .

بەیاننامە : مانیفێستی ــ کومونیست: *Manifesto of the Communist party*

یەکەم بەلگەنامەی پرۆگرامی کۆمۆنیستی زانستیە ، بنەماکانی مارکسیزم لێك دەداتەوە و راڤەیان دەکات . مارکس و ئەنگلس نوسیویانەو لە سەرەتای ساڵی ١٨٤٨ بلاویان کردەوە .

ئەم بەلگەنامەیە لە چوار پار ( فصل ) پێك هاتووە :

پاری یەکەم : بۆرژوا و پرۆلیتاریا .
پاری دووەم : پرۆلیتاریا و کۆمۆنیستەکان .
پاری سێیەم : ئەدەبی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی .
پاری چوارەم : هەلوێستی کۆمۆنیستەکان سەبارەت بە حیزبە ئۆپۆزیسیونە هەمە جۆرەکان .

ئەم بەلگەنامە ئەمرە تا ئیستاش بایەخی خۆی لە دەست نەداوەو سەرچاوەی

هەڵێنجانی هەڵوێستی مارکسیە سەبارەت بە رووداوەکانی سروشت و کۆمەڵ •

ئینتەرناسیونالیستی پرۆلیتاریا : الأممیة البرولیتاریة

ئەیدۆلۆژیەت و سیاسەتی هاوکاری جیهانی نێوان کرێکارو هەموو رەنجدەرانە • پرۆلیتاریای هەموو وولاتێك دژی بۆرژوای وولاتەکەی و بۆ بەرژەوەندی رەنجدەرانی ئەو وولاتە خەبات دەکا ، لە پێناوی ئاشتی و سۆشیالیزم • بەڵام کرێکارانی هەموو جیهان ، بەرژەوەندی زیندەملێ و ریشەیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە و دوژمنێکی چینایەتی هاوبەشیان هەیە کە بورژوای هەموو جیهانە •

لێرەدا پشگیری و هاوخەباتی هەموو کریکارانی جیهان پێویست دەبێ بۆ روخاندنی سەرمایەداری و بنیادنانی کۆمەڵی شیوعی •

بولشەویك : بەلشەفیك ، البلاشفة :-

بولشەویکەکان سوشیال – دیموکراتە شۆرشگێرەکانن بەسەرکردایەتی لینین • بولشەویکەکان لە کۆنگرەی دووەمی حیزبی کرێکارانی سوشیال – دیموکراتی رووسی بە زۆرینە سەرکەوتن ( ئابی ١٩٠٣ ) و ناوەکەشیان لە ووشەی ( بولشینتسفو )هاتووە کە مانای زۆرینەیە ، باڵە هەڵپەرستەکەی حیزبیش ناویان لێنرا ( مەنشەویك ) واتە کەمایەتی •

ئاپارتهاید : آپارتئید : *Apartheid*

ووشەیەکی ئەفریقاییە بە مانای دوورە پەرێزی و گۆشە گیری دێت • لە زیاندا • لە ( اصطلاح ) یشدا بریتیە لە دابرین و بەش بەشکردنی یاسایی و کردەیی و رەزعو هەل و مەرجی ژیانی سپی پێستان و غەیری سپی پێستان •

لە ساڵی (١٩٤٨) لە ئەفریقای باشوری ، ئاپارتهاید بە هۆی حکومەتی سپی پێستان کاری پێکرا •

بە پێی ئەم سیاسەتە پێست رەشان دەبێ لە گەرەك و ئاوایی دیاریکراو تایبەت بە خۆیان ژیان بیەنە سەرو نابێ تیکەلی سپی پێستان بن و لە زۆر ئازادی بێ بەرین لە سنورێکی کەمیشدا مافی جولانەوەیان هەیە •

میترۆپۆل : دەولەتی داگیرکەری دایك ، بۆ نمونە بەریتانیا میترۆپۆل بوو لە پێش هیندستان •

بو ئاماده كردنى ئەم ليكولينەوەيە سودمان لەم سەرچاوانە وەرگرت ·

أ ـ بەزمانى عـەرەبـى :


١ـ ج ٠ أ ٠تونكين ، القانون الدولي المعاصر ٠

٢ـ الدكتور حكمت شبر ، القانون الدولي العام ، دراسة مقارنة في الفقهين الاشتراكي والرأسمالي / الجزء الأول ، مطبعة دار السلام ـ بغداد ١٩٧٥ ٠

الدكتور حكمت شبر ، القانون الدولي و مبدأ حق تقرير المصير مجلة الجامعة المستنصرية/ العدد الأول / السنة الاولى ٠

٣ـ رشاد عبدالعزيز ، المقاومة الفلسطينية المسلحة والقانون الدولي/ رسالة ماجستير / جامعة بغداد / كلية القانون والسياسة / مسحوبة بالرونيو ايلول ١٩٧٧ ٠

٤ ـ سمير عبدالعزيز المزغني ، النزاعات الدولية المسلحة / رسالة ماجستير / جامعة بغداد / كلية القانون و السياسة /مسحوبة بالرونيو ٠

٥ـ الياس حنا ، الوضع القانوني للمقاومة العربية في الارض المحتلة مركز الابحاث ـ منظمة التحرير الفلسطينية ـ ديسمبر ١٩٦٨ ٠

٦ـ الدكتور محمد طلعت الغنيمي ، بعض الاتجاهات الحديثة في القانون الدولي العام ـ قانون الامم ـ الاسكندرية ١٩٧٢ ٠

٧ـ الدكتور عزالدين سوده ، الاحتلال الاسرائيلي والمقاومة الفلسطينية في ضوء القانون الدولي العام ـ مركز ـ الابحاث م٠ت٠ف اغسطس ١٩٦٩ ٠

٨ـ الدكتور سامي السعيد ، القانون الدولي العام ، المنظمات الدولية مسحوبة بالرونيو لطلبة الصفوف الثالثة في كلية القانون و السياسة/ جامعة بغداد / ١٩٧٨ ـ ١٩٧٩ ٠

٩ـ ف٠ أ ٠لينين ، حق الامم في تقرير مصيرها ، دار ابن الوليد الطبعة الثانية ايلول ١٩٥٨ ، دمشق ـ سورية ٠

١٠ـ الدكتور صفاء الحافظ ، لينين والمسألة القومية ، مجلة الثقافة الجديدة العدد ١٣/ مايس ١٩٧٠ ٠

١١ـ الياس مرقص ، نظرية الحزب عند لينين والموقف العربي الراهن ـ دار الحقيقة ـ بيروت / آذار ١٩٧٠ ٠

١٢ـــ طالب رشيد يادكار ، السيادة القومية وسيادة الدولة في القانون الدولي المعاصر ، مجلة الثقافة الجديدة ، عدد ٨٧ تشرين الثاني ١٩٧٦٠

ب ـــ به زمانی فارسی :

١ـــ لینینیسم در تئوری و عمل ، ترجمهٔ تقی برومند (ب٠کیوان) نشر صلح ٠
٢ـــ اصطلاحات سیاسی ، وزارت آموزش و پرورش مرکز مطالعات وتحقیقات ملی نشریه شمارهٔ ٢٢ ٠

ج ـــ گۆڤـارو بەڵگە نامەکان :

١ـــ المجلة المصرية للقانون الدولي ٠
٢ـــ ميثاق الامم المتحدة و النظام الاساسي لمحكمة العدل الدولية ٠
٣ـــ مجلة السياسة الدولية ٠
ـــ الاعلان العالمي لحقوق الانسان ٠
٥ـــ تقارير مؤتمر القانون الدولي الانساني ١٩٧٤ ـــ ١٩٧٧ ٠